# تیۆرەکانی مامەڵەی فرەیی کەلتوری لە کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ دا
# توێژینەوەیەکی وەسفی - شیکارییە

جبار اسماعیل احمد*

وشە کلیلییەکان: کەلتور، فرەکەلتوری، ئاسیمیلەکردن، یەکگرتنی کەلتوری
https://doi.org/10.31271/jopss.10087

## پوختە

کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەردەمی هاوچەرخدا لەگەڵ پرسێکدا دەرگیرە، ئەویش بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی کەلتورە جیاوازەکان، ئەم پرسە بووەتە هۆکاری هاتنە ئارای دیدگا و بۆچوونی جیاواز بۆ گفتوگۆکردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و کەلتورە جیاوازەکان لەلایەکەوە، هەروەها پەیوەندی نێوان کەلتورە هەمەچەشنەکان خۆیان لەلایەکی ترەوە، ئەمەش بووەتە هۆی هاتنەئارای پارادایم و تیۆرەی جیاواز لەهەمبەر جیاوازییە کەلتورییەکان، هەندێک لەو تیۆرانە دەربارەی توانەوە و ئاسیمیلەبوونی کەلتورە کەمینەکانن لەناو بۆتەی بەهای کەلتوری باڵادا، کە بریتین لەتیۆرەی ئاسیمیلەکردنی نەریتی یاخود ئاسیمەلەکردنی سەراپایی، هەروەها تیۆری ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچە، و تیۆرەکانی یەکگرتنی کەلتوری، و تیۆری فرەکەلتوری یاخود تیۆری ئازادی کەلتوری کە جەخت لەسەر ئازادییە کەلتورییەکان و پاراستنیان دەکاتەوە، شێوازی ئیشکردنی ئەو تیۆرانە و پەیوەندییان بە یەکێتی کۆمەڵگە و ئاسایشی دەوڵەتەوە، هەروەها سەرنجە جیاوازەکان لەهەمبەر ئەو تیۆرانە بە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەیان و ئارگۆمێنتەکانیان خراوەتەڕوو. بەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ بەو تیۆرانە هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵیی گروپ و کەمینەکان، هەمیش لەسەر ئاستی تاکەکان، کاریگەری و لێکەوتی جیاوازجیاوازیان هەبووە، بەوپێیەی هەندێک گروپ یان تاک بەپێی سروشتی دۆخ ئامادەی ئاسیمیلەبوون بوون، یان یەکگرتنی کەلتوری بوون، یاخود کەلتور و بەها کەلتورییەکانی خۆیان پاراستووە و توشی جۆرێک لە تەریککردن و پەراوێزنشینی هاتوون، بەڵام بەپێی تیۆرەی فرەکەلتوری دەتواندرێت بەبێ بوونی ناکۆکی و بەریەککەوتن، کەلتورە جیاوازەکان بژین و ببنە بنەمای هەماهەنگی و گەشەکردن و یەکێتی کۆمەڵایەتی و پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەت.

** مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی jabar.esmael@univsul.edu.iq

**الملخص**

**نظريات التعامل مع التعددية الثقافية في المجتمع المدني المعاصر**

**دراسة وصفية تحليلية**

يتعامل المجتمع المدني المعاصر مع قضية كيفية التعامل مع الثقافات المختلفة ، وقد أدى هذا الموضوع إلى ظهور وجهات نظر وآراء مختلفة لمناقشة العلاقة بين المجتمع والثقافات المختلفة من جهة ، والعلاقة بين الثقافات المختلفة نفسها. نظرية التنوع الثقافية تدور بعض هذا البارادايم حول دمج واستيعاب ثقافات الأقليات في النطاق القيم الثقافية العالية ، بما في ذلك نظرية الاستيعاب التقليدية أو الكلية ، ونظرية الاستيعاب المجزأ ، ونظرية التكامل الثقافي ، والحرية الثقافية أو نظرية تعدد الثقافات. الحريات وحمايتها وكيفية عمل هذه النظريات وعلاقتها بوحدة المجتمع وأمن الدولة ، وكذلك اختلاف وجهات النظر حول هذه النظرية بموافقتها أو رفضها وحججها. كان لتعرض المجتمع المدني المعاصر لهذه النظريات تأثيرات مختلفة على كل من المستوى الجماعي للمجموعات والأقليات والمستوى الفردي ، حيث أن بعض المجموعات أو الأفراد كانوا على استعداد لاستيعاب ثقافتهم وقيمهم أو دمجها ثقافيًا أو الحفاظ عليها وفقًا لنظرية تعدد الثقافات يمكن للثقافات المتنوعة أن تعيش بدون صراع وأن تصبح أساسًا للتنسيق والتنمية والوحدة الاجتماعية والحفاظ على سلامة الدولة.

**Abstract**

**Theories for Dealing with Cultural Pluralism in Contemporary Civil Society**

**Descriptive Analytical Study**

Contemporary civil society is dealing with an issue of how to deal with different cultures. This issue has led to the emergence of different views and opinions to discuss the relationship between society and different cultures on the one hand, and the relationship between diverse cultures themselves Different theories of cultural differences Some of these theories are about the merging and assimilation of minority cultures into the idol of high cultural values, including traditional or holistic assimilation theory, fragmentary assimilation theory, cultural integration theory, and cultural freedom or multicultural theory It opens up cultural freedoms and their protection, how these theories work and their relationship to the unity of society and state security, as well as different views on these theories with their approval or rejection and their arguments. Contemporary civil society's exposure to these theories has had different effects on both the collective level of groups and minorities and the individual level, as some groups or individuals have been willing to assimilate, culturally integrate, or preserve their own culture and values According to multicultural theory, different cultures can live without conflict and become the basis for coordination, development, social unity and preservation of the integrity of the state

# پێشەکی

گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆیی و فراوانبوونی پەیوەندییەکان و کۆچکردن و تێکەڵاوی زیاتری کۆمەڵگەکان، وایکردووە کەلتورە جیاواز و هەمەچەشنەکان هەم لەڕووی جیۆگرافییەوە لەیەکتر نزیک ببنەوە، هەمیشە بەهۆی پەیوەندییەکانەوە بەر یەکبکەون، ئەم نزیکبوونەوە و بەریەککەوتنانە بەشێوەی جیاواز و بەئاستی جۆراوجۆری پەیوەندی مامەڵەی دەکرێت.

فرەکەلتوری لەکۆمەڵگای نوێی جیهانیدا پێویستی بە مامەڵکردن و ڕێگاچەرەیەک هەبووە، ئەمەش وایکردووە کە پارادایم و دیدگای جیاواز بۆ مامەڵەکردنی فرەکەلتوری سەرهەڵبدات، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کۆچی زۆری نەتەوە جیاوازەکان لەناوچە جیاوازەکانی جیهانەوە بووەتە هۆی ئەوەی چەندان کەلتوری جیاواز لە شوێنی نزیک یەکترەوە نیشتەجێبن یان کاربکەن، هەربۆیە بەیەکەوە هەڵکردنی ئەو کەلتورە جیاوازانە بووەتە هۆی هاتنەئارای بۆچوونی جیاواز، هەندێک لە دیدگا و پارادایمەکان باس لە پرۆسەی ئاسیمیلەکردنی کەلتوری دەکەن، بەجۆرێک کەلتورە کەمینەکان لەناو کەلتوری باڵادا دەتوێنەوە، ئەمەش یان بەشێوەی ئاسیمەیلەکردنی سەراپایی یاخود بەشێوەی ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچە کە بەشێکی کەلتورەکە یان بەشێکی بەهاکانی کەلتورەکە ئاسیمیلە دەکات، هەروەها هەندێ بۆچون باس لە یەکگرتنی کەلتوری دەکەن بەجۆرێک هەر کەلتورە و بەشێک لە بەهاکانی خۆی دەپارێزێت و بەشێکیش لە بەهاکانی کەلتوری تر وەردەگرێت و بەمجۆرە کەلتورێکی تازەی یەکگرتو لەهەردوو کەلتورەکە دروست دەبێت، بەڵام ئەم دوو فۆرمەی مامەڵەکردن ئەگەری نەرێنی و ناکۆکی کەلتوریان لەناوخۆیاندا هەڵگرتووە و لەگەڵ بەها دیموکراسییەکان و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤدا ناگونجێن، هەربۆیە پارادایمی فرەکەلتوری یان ئازادی کەلتوری سەریهەڵدا، ئەم پارادایمە باوەڕی بە ئازادی کەلتوری و مەراسیمە کەلتورییەکان و پاراستنی کەلتوری کەمینە هەیە بەجۆرێک تاکەکانی خاوەن کەلتورە جیاوازەکان هەست بە ئارامی و ئاسایشی تەواوەتی بکەن، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو پارادایمانە شرۆڤە بکات.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە گرێدراوی گرنگی پرسەکەیە لەم سەردەمەی ئێستادا کە زۆرینەی کۆمەڵگاکان بە هۆی کرانەوەی سەردەمی مۆدێرن و ئاسانی و فراوانی پەیوەندییەکان و هۆکارەکانی گوستنەوە و پرسی کۆچی بەلێشاو کەوتونەتە بەردەم دۆخێکی فرەکەلتوری ئاڵۆز و تێکچرژاوەوە، هەروەها دەرگیربوونی ئەو کۆمەڵگایانەی سروشتی پێکهاتەی خۆیان و چەشنی دروستبوونی دەوڵەتەکانیان وایکردووە کە کۆمەڵگەی فرەکەلتور بن، هەربۆیە دەرخستن و شرۆڤەکردنی پارادایم و تیۆرەکانی مامەڵەی فرەکەلتوری گرنگە، کە ئەم توێژینەوەیە هەڵوەستەی لەسەر کردوون.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوە بریتییە لە پرسی فرەکەلتوری و تیۆرەکانی مامەڵەکردنی کەلتورە جیاوازەکان بەجۆرێک ببنە دەروازەیەک بۆ پرسی پێکەوەژیان و هەماهەنگی لە کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ دا، کە تیۆرەکانی مامەڵەکردنی کەلتورە جیاوازەکان نەیانتوانیوە ببنە بنەمایەک بۆ

پرسی پێکەوەژیانی کەلتورە جیاوازەکان، جگە لە تیۆری فرەکەلتوری یان ئازادی کەلتوری.

**گریانەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە ئەکات کە بوونی کەلتوری جیاواز و پاراستنی ئەو هەمەچەشنییەی کەلتورەکان نەوەک هەرنابێتە هۆی ترازانی کۆمەڵایەتی و هەڕەشە لەسەر یەکێتی دەوڵەت وەک ئەوەی تیۆرەکانی ئاسیمیلەکردن و یەکگرتنی کەلتوری جەختی لێدەکەنەوە، بەڵکو ئازادی کەلتوری لەگەڵ خۆیدا هەماهەنگی کۆمەڵایەتی و یەکێتییەکی بەهێزی دەوڵەتیش دێنێت بەدیاریکراویش لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا بەگشتی میتۆدەکانی وەسفی و شیکاری و هەڵێنجان بەکارهاتوون، میتۆدی وەسفی بۆ وەسفکردنی ڕوانگە جیاوازەکان و دۆخ و پانتاییەکانی پەیوەست بە فرەکەلتوری، و میتۆدی شیکاریش وەک ڕێگایەک بۆ شیکارکردنی بنەما تیۆرییەکان و پارادایمەکانی مامەڵەکردنی فرەکەلتوری، هەروەها میتۆدی هەڵێنجان لەپێناو وەرگرتنی نمونەی بەڵگاندن بەکارهاتووە.

**پەیکەربەندی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەرئەنجام و سێ باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا و لە دوو تەوەرەدا باس لە تیۆری فرەکەلتوری وەک ئایکۆنێکی هزری و سیاسی کراوە، وکۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ لەپەیوەست بەو پرسە شرۆڤە کراوە، لە باسی دووەمیشدا کۆمەڵگەی مەدەنی و پرسی ئاسیمیلاسیۆن لەدوو تەوەرەدا خراوەتە ڕوو، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە سەرهەڵدانی ئەسیمیلاسیۆن وەک تیۆرەیەکی مامەڵەی کەلتوری کراوە، و لە تەوەرەی دووەمدا ئسیمیلاسیۆنی پارچە پارچە و کۆمەڵگەی هاوچەرخ شرۆڤە کراوە، هەروەها لەکۆتا باسیشدا کۆمەڵگەی مەدەنی وەک پنتێکی پراکتیزەیی لەنێوان یەکگرتنی کەلتوری یان قبولکردنی فرەکەلتوری خراوەتە بەرباس لە دوو تەوەرەدا، تەوەرەی یەکەم تەرخانە بۆ پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکگرتن(الاندماج)ی کەلتوری، هەروەها کۆتا تەوەرەی توێژینەوەکەش کە فۆکەسی سەرەکی توێژینەوەکەشە تەرخانە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و قبوڵکردنی فرەکەلتوری، لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

## باسی یەکەم: دەروازەی بەرایی چەمکەکان

لەم توێژینەوەیەدا بەر کۆمەڵێک چەمک دەکەوین کە دەشێت مانای جیاواز هەڵبگرن و بۆ مەبەستی جیاوازیش بەکاربهێندرێن، بەتایبەت چەمکەکانی فرەکەلتوری و کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ، هەربۆیە لەم باسە بەراییەدا هەوڵدەدەین دەربارەی هەریەکێک لەو چەمکانە بدوێین و تیشکیان بخەینە سەر لە دوو تەوەرەدا.

### تەوەرەی یەکەم: فرەکەلتوری وەک ئایکۆنێکی هزری و سیاسی

بەر لە شرۆڤەکردنی چەمکی فرەکەلتوری پێویستە لەمانا و ئاماژەکانی کەلتور تێبگەین، واتا دەبێت یەکەمجار کەلتور بناسین، ئینجا فرەیی و هەمەچەشنی کەلتوری بناسین. لەسەرەتادا ووشەی کەلتور لە (colere) ی لاتینییەوە هاتووە کە گوزارشتە لە کردەی چاندن و کشتوکاڵی، بەڵام وورده وورده مانای چەمکەکە گۆڕاوە، لەئێستادا زاراوەی کەلتور (cultura) مانایەکی فراوانتری وەرگرتووە، لە فەرهەنگی رەیس(race)دا هاتووە کە لەئێستادا کەلتور بە شێوەیەکی سەرەکی بە دوو مانا بەکاردێت: ئەوانیش لایەنی زانست و گەشەکردن، لەگەڵ لایەنی بەها و باوەڕەکان، مانای یەکەمی ووشەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە و یەکەمجار لەلایەن (فرانسیس بیکۆن)ەوە بەکارهاتووە، بەڵام مانای دووەمی ووشەکە کە پرسەکانی هاوبەشێتی یان جیاوازی دابەکان، نەریتەکان، بەها و نۆرمەکان، بیروباوەڕ و عەقیدەکان دەگرێتەوە، لەسەردەمانی دواتردا سەریان هەڵداوە [1]، لە ئێستاشدا بەشێوەیەکی هارمۆنی و تێکئاڵاوی هەردوو ماناکە لەچەمکەکەدا ڕەنگدەدەنەوە، واتا دەکرێت کەلتور بەو کۆیە ئاڵۆزە یان کۆمەڵە رایەڵە پێکەوە پەیوەستە پێناسە بکرێت لە مەعریفە، باوەڕ، هونەر، ئەخلاق، یاسا، داب و نەریت و خووەکانی دیکەی مرۆڤ، کە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەستی هێناوە. هەروەها کەلتور کۆی ئەو داب و نەریت و بەها و باوەڕە هاوبەشانە دەگرێتەوە کە تایبەتمەندی گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراون و دەشێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوازرێنەوە [2]. ئەمەش وائەکات هەم بەهۆی پێکەوە پەیوەستی کەلتوری و هەمیش وەک میراتێکی بۆماوەیی باپیران، تاکەکان بەچاوێکی ڕێزەوە لە کەلتورەکەیان بڕوانن و پارێزگاری لێبکەن.

هەروەها ڕێکخراوی پەروەردەیی و رۆشنبیری نەتەوەیەکگرتووەکان (یونسکۆ) پێناسەی کەلتوری کردووە بە: تایبەتمەندی هەر گەل و ناوچەیەک و فۆرمێکی جۆراوجۆر کە پانتایی کات و شوێن دەگرێتەوە، ئەمەش وائەکات جۆرێک لە فرەچەشنی شوناسە جیاوازەکان و ئەو گروپ و کۆمەڵە مرۆییانەی کە هەڵگری بەهای ڕەسەنی خۆیانن، پێکبێت، و دەبێتە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ و نوێبوونەوە

---

[1] Guido Bolaffi, Raffaele Bracalenti, Peter Braham & Sandro Gindro, Dictionary of Race, Ethnicity and Culture, SAGE Publications, London and New Delhi, 2003, p61.

[2] خديجة محمد كمال سعد الشاذلي، التنوع الثقافي وآليات تعزيزه بالتعليم قبل الجامعي في العالم المعاصر، مجلة كلية التربية، جامعة بني سويف، عدد يناير، الجزء الثاني، بدون مكان، ٢٠٢٠، ص٣٢٨ .

و داهێنــان، ئەمەش وائەکــات کە فرەچەشــنی کەلتــوری بــۆ مرۆڤــایەتی گرنــگ بێــت، وەک چــۆن فرەچەشنی بایۆلۆجی بــۆ بــوونەوەرە زینــدووەکان گــرنگە، بەم مانــایە فرەچەشــنی کەلتــوری میراتــی هاوبەشی مرۆڤایەتییە و پێویستە بۆ بەرژەوەندی نەوەکــانی ئێســتا و داهــاتوو بناسرێــت و جەختــی لەسەر بکرێتەوە[١]. لەم پێناسەی یونسکۆ وە بەئاراستەی شرۆڤەکردنی فرەکەلتــوری هەنگــاو دەنێــین، واتا پرسی کەلتور گرێدراوە بە پرسی فرەبوونییەوە، چونکە گرنگــی کەلتــور بــۆ مرۆڤــایەتی گرێــدراوی پاراستنی کەلتورە هەمەچەشنەکانە بەجۆرێک ببێتە هۆی داهێنان و دیــالۆگ و هەمــاهەنگی مرۆیــی نێوان کەلتورە جیاوازەکان.

باربــارا مەزور(Barbara mazur) پێناســەی فرەکەلتــوری دەکــات بە "نــوێنەرایەتیکردن لە یەک سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، کە کەسانێک لەسەر بنەمای گرنگی کەلتوریی پەیوەنــدییان لەگەڵ گــرووپە جیاوازەکــان هەیە"[٢]، واتــا مەزور فرەکەلتــوری لە چەنــد بنەمایەکــدا دەبینێــتەوە، ئەوانــیش پرســی نوێنەرایەتیکردن و مامەڵەکردن لەناو سیستەمدا نەوەک لەدەرەوەی سیستەم، بەتــایبەت سیســتەمی کۆمەڵایەتی، واتا ئەو هێــز و گــروپ و کەلتــورانەی بەشــێکنین یــان نــاخوازن بەشــێکبن لە سیســتەمی کەلتــوری، ئەوا وەک بەشــێک لە فرەیــی کەلتــوری و پێکەوەژیــانی کەلتــوری وێنــا نــاکرێن، هەروەهــا بنەمایەکی تر لای مەزور بریتییە لە بوونی پەیوەندی لەگەڵ کەلتورە جیاوازەکان، ئەمەش هەموو ئەو کەلتورە تەریک و داخراوانە ناگرێتەوە کە بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆیان لە دروستکردنی پەیوەندی بە کەلتورەکانی ترەوە بەدوور دەگرن و کەمترین پەیوەنــدیان بە جیهــانی کەلتــوری دەرەوەی خۆیــانەوە نییە، یاخود بەچاوێکی دوژمنکارانەوە لە کەلتورەکانی تر دەڕوانن، ئەمەش وەکو کەلتورە توندڕەوەکانی ئایینی و ئایدۆلۆژی.

هەروەها فرەکەلتوری بەجۆرێک لەجۆرەکــان بــووەتە پرســیکی جێبایەخــی هــزری و سیاســی، و قوتابخانە و ڕەوت و ئاراستە هزری و سیاسییەکانیش دونیــابینی و دیــدگای خۆیــان لەمەڕ چەمــکەکە دەربڕیوە، لەگــرنگترین ئەو ئاراســتە هــزری و سیاســییانەش ئاراســتەی لیبرالیــزمە، بەو پێــیەی هــزری لیبرالی لە گوزارشتەکانیدا جەخت لەســەر تــاک و پێگەکەی دەکــاتەوە، بــۆیە پێناســەی فرەکەلتــوری دەکــات بە ئەو تاکــانەی خــاوەن تایبەتمەنــدی فرەکەلتــوری دیمــۆگرافی یــان سۆســیۆلۆگین وەک پاشــخانێکی ڕەگەزی یــان نەتەوەیــی تــێکەڵاو، لە زیــاتر لە وڵاتێــک نیشــتەجێ بــوون، یــان بەهــۆی کۆچکردن بۆ وڵاتێکی دیکە و بەرکەوتن بەو کۆمەڵگایــانەی کە تێیــدان بەرکەوتەی چەنــدین نەریتــی کەلتوری بوون، بۆ نموونە لە کۆمەڵگاکانی دوای کۆلۆنیالیزمــدا، وەک هۆنــگ کۆنــگ و ســەنگافورە[٣]، ئەمەش هەم کاریگەری لەسەر کەلتــوری خــانەخوێ و هەمــیش لەســەر کــۆچکەران هەیە، بەوجــۆرە

[1] United Nations, Universal Declaration on Cultural Diversity, Adopted by the General Conference of the United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization, Paris, 2 November 2001, Article 1, p1.

[2] Barbara Mazur, Cultural Diversity in Organizational Theory and Practice", Journal of Intercultural Management, vol2, no2, November 2010, pp.8.

[3] Verónica Benet-Martínez and Ying-yi Hong, The Oxford Handbook of Multicultural Identity, Oxford University Press, Oxford and New York, 2014, p12.

ئەگەری بەریەککەوتنی کەلتوری یان ئاسیمیلەکرن و ئینـدیماج، یـاخود پێکەوەژیـانی کەلـتوری هەیە، ئەوەی گـرنگە و پێویسـتە پەرەی پێبـدرێت ئەو ڕۆحـی پێکەوەژیـانی کەلـتورییەیە کە نـاوەرۆکی فرەکەلتوری لەکۆمەڵگەی هاوچەرخ پێبهێنێت.

خانمە ئاکادیمستی ئەمریکی و پرۆفیسۆری سایکۆلۆجی (کاسرین مەکلوسکی - MacCluskie Kathryn) لە لاپەڕە سەرەتاییەکانی کتێبەکەیدا (بەدەستهێنانی توانای ڕاوێژکاری - یەکخستنی تیۆری، فرە کەلتوری، و خۆئاگاداری) نامەی خوێندکارێک دەنوسێت کە لە ڕاپۆرتێکی فەلسەفیدا خستویەتییە ڕوو، خوێندکارەکە ئەڵێت: ناتوانم ئەو ڕاستیە پشتگوێ بخەم کە وەک ژنێکی ڕەشپێست، بەشێکی زۆری ئەو شتانەی بیریان لێدەکەمەوە و هەستیان پێدەکەم سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، لە ئەزموونە کەسییەکانی خۆمدا لەگەڵ ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی سیستماتیکیدا ساختە بووە[(١)]، بەواتایەکی تر ئەوەی ئەو خوێندکارە ئەیڵێت بریتییە لە بەریەککەوتنی هەندێ لایەن لە پرسی کەلتورە جیاوازەکاندا، لەوانە ئەزمونی بوون بە بەشێک لە خاوەن کەلتورێکی پەراوێزخراو دواجار دەبێتە بەشێک لە شوناسێکی ناوەکی و سایکۆلۆجی بۆ کەسەکە بەجۆرێک هەمیشە لەئاست تاکەکانی خاوەن کەلتوری باڵا هەست بە کەمی و بچوکی بکات، هەربۆیە ئەم خۆبەکەم بینینە و دواتر لەخۆنامۆبوونە دەچێتە پانتایی گشتی و پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە وکەسانی پەراوێزی وەک ئەمی ڕەشپێست دەخاتە ژێرەوە، هەروەها هەر لەو دێڕەدا پێمان دەڵێت کە ئەوەی دەگوترێت لە میانەی هزرینی مرۆییدا لە مەڕ فرەکەلتوری، کەمترین کات دەچێتە بواری پراکتیکەوە، و بەڵکو لە سوچێکی بچوکی ئاکادیمیاکان و ناوەندەکانی هزری دا چەقدەبەستێت و هیچ کاریگەری لەسەر واقعی ژیان و هەڵاویردن و جیاکاری لەناو کۆمەڵگە و سەرشەقام نییە، لایەنێکی تری دەربڕینەکە سەرنج خستنە سەر سروشتی مرۆڤە، هەربۆیە (مەکلوسکی) دەربارەی ئەو بەشەی پەیامەکە دەڵێت هەرچەندە ئەو پرسە جێگەی داخە، بەڵام حەقیقەتێکی بەرجەستەیە و بەڵگاندنی ئەوەیە کە زۆربەی سروشتی مرۆڤ لەژێر پاڵنەری تەماح و دەسەڵاتخوازیدایە و پێناچێت بەم زووانە بگۆڕێت[(٢)]، واتا ئەوەی هۆبز پێمان دەڵێت دەربارەی خۆپەرستی و گورگبوونی مرۆڤ، بۆ لایەنی کەلتوریش هەر ڕاستە و کەلتورەکان لەلایەن مرۆڤەکانەوە خاوەنداری دەکرێن و دەپارێزرێن، مرۆڤەکانیش بەو چەشنە خۆپەرست ودەسەڵاتخوازن، بەوجۆرە کەلتورەکانیش دەبنە دەسەڵاتخواز و خۆسەپێن.

فرەیی و جیاوازی کەلتوریی کاتێک دەبێتە پرسگرێکی سیاسی و بەشێک لە ئەجێندا و بەرنامەی سیاسـی دەوڵەت و هێـزە ڕکـابەر و ململانێکارەکـان، ئەوا ڕاسـتەوخۆ کەلـتوریش دەبێـتە ئـامراز و چەکێکی ترسناکی ئەو ململانێیە و مەودای ناکۆکییەکان قوڵتر و دوژمنکارانەتر ئەکات، بەواتایەکی تر لەسـەردەمی کـۆمەڵگەی هـاوچەرخی دەوڵەت نەتەوەدا ڕۆڵـی نەرێنـی کەلـتور لە دابەشـبوونە نەتەوەییەکـان زیـاتر دەبێـت، وەک ئاکادیمیسـتان (لانـدی و کـۆنتی) لە تـوێژینەوەیەکی هاوبەشـدا بەناوی (کارکردن لە سەدەی بیست و یەک دا) دەربارەی ئەو دۆخەی بەکارهێنانی سیاسییانەی کەلتور

---

(1) Kathryn MacCluskie, Acquiring Counseling Skills - Integrating Theory, Multiculturalism, and Self-Awareness, publishing as Merrill, NewJersey, 2010, p10.

(2) ibid, p10.

دەڵێن ئەوە کەلتورە مرۆڤەکان لەیەکتری جیادەکاتەوە نەوەک نەتەوە[١]، واتا کەلتور دەبێتە ئەو هۆکارە ترسناکەی کە مرۆڤایەتی ڕووەو ترازان و دوورکەوتنەوە لەیەکتر هاندەدات. لەلایەکی ترەوە تێکەڵبوونی فرەکەلتوری بە پرسی ئابوری لەتەک پرسی سیاسی، لیکەوت و کاریگەری دەبێت، دەشێت کاریگەری ئەرێنی و هاندانانەی هەبێت بۆ پرسی بازاڕ و داهاتەکان بەوپێیەی سەرمایەداری لەپێناو گەشەپێدانی ئابوری و کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاتر، هەمیشە دەگەڕێت بۆئەوەی هەموو دیاردە و بوونێک بکاتە ئامرازی قازانج، بۆئەو مەبەستەش کەلتورە جیاوازەکان هۆکارێکی گرنگن تاوەکو بکرێنە ئامرازی گەرمکردنی بازاڕ و فراوانتربوونی کاڵاسازی، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئابوری نوێی سەرمایەداری دەبێتە هۆکارێک بۆ بەریەککەوتنی کەلتوری، بەومانایەی سەرهەڵدانی هەردوو شوێنی کاری فرە کەلتوری و کۆمپانیای فرەنەتەوەیی وا دەکات ئەم پێکدادانانە زیاتر باو بن[٢]، بەتایەت لەکاتێکدا لایەنە کێبڕکێکارەکان سەر بەکەلتوری جیاوازبن.

فرەکەلتوری لەنێوان ئەم دووبازنەیەی سەرمایەداریدا قەتیس نابێت، واتا ناکرێت فرەکەلتوری کورتبکەینەوە تەنها لە بوون بە بەشێک لە بازاڕ و کاڵاسازی یاخود بەریەککەوتنی کەلتوری لایەنە کێبڕکێکارەکان، بەڵکو فرەکەلتوری بەشێکی فراوانتری ژیان دەگرێتەوە و سەرڕێژدەبێت، بەواتایەکی تر هەمەچەشنی کەلتوری ووردتر دەچێتە ژیانی هاوڵاتییەوە و لە پەروەردە و تەندروستی بازاڕ و فەرمانگەوە بۆ سوپا و سیاسەت و پەیوەندییەکانی تر، ئەم تێکچڕژانە فراوانەی پەیوەندییە کەلتورییەکان دەچێتە ناو پرۆسەیەکی تری کۆمەڵگەی مۆدێرنەوە، ئەویش پرۆسەی بە هاوڵاتیبوونە، دەوڵەتانی مۆدێرن بەکۆی جیاوازییەکانیانەوە جەخت لەسەر هاوڵاتیبوونی تاکەکانیان دەکەنەوە، هاوکات لەپێناو هەماهەنگی نێوان گروپ و کۆمەڵەجیاوازەکان، ئاراستەی پرسی هاوڵاتیبوون ڕووەو هاوڵاتیبونی گشتگیر وەردەچەرخێنن، گشتگیرێتی بەو مانایەی جۆرێک لە هێڵ و ڕایەڵی پەیوەندی پێکەوە بەستران و پشت بەیەکتر بەستنی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە دەستەبەر ببێت لەپێناو پارێزگاری لە یەکێتی و تۆکمەیی دەوڵەتەکە. خاڵی گرنگ لەم هاوکێشەیەدا ئەوەیە کە ئارگۆمێنتەکانی یەکێتی دەوڵەت وەک بنەمای داکۆکیکردن لە هاوڵاتیبوونی گشتگیر بەبێ تەئیدکردن و پشتیوانی لە ڕێبازە فرەکەلتورییە پێشکەوتخوازەکان، پەتوونابن و جێناگرن[٣]، بۆیە دەوڵەتان بەتایبەت ڕژێمە لیبراڵەکان لەپێناو بوونی هاوڵاتی گشتگیر وەک بنەمای یەکێتی دەوڵەت، ناچارن و پێویستە فرەکەلتوری وەکو ئایکۆنێکی سیاسی و بژاردەیەکی گونجاوی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان قبوڵبکەن و بپارێزن. بەڵام لەم لایەنەشەوە هەندێک تێبینی و سەرنج سەرهەڵدەدەن، واتا هەرچەندە بۆنمونە یەکێک لە کێشەکانی چەمکی لیبرالی هاوڵاتیبوونی گشتگیر ئەوەیە کە کوێرە یاخود دەرک ناکات بەو نادادپەروەریانەی کە ڕەنگە لە مامەڵەکردنی ئەو کەسانەی لەڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسییەوە جیاوازن، بەڵام هەندێک نوسەر و کەلتورناسی وەک (سکوێرز - Squires) لەهەمبەر ئەو ڕەخنەیە دەڵێن پێویستە

---

(1) Frank J. Landy and Jeffrey M. Conte, work in the 21ST century, Wiley, USA, 2013, P29.

(2) ibid, P566.

(3) Nasar Meer, Citizenship, Identity and the Politics of Multiculturalism - The Rise of Muslim Consciousness, Palgrave Macmillan, UK, 2010, p2.

ئەم سەرنجە لە ڕەتکردنەوەی گشتگیری کۆمەڵایەتی و گشتگیری سیاسی وەکخۆی جیابکرێتەوە، چونکە ئەوەی بانگەشەی بۆدەکرێت لە ڕاستیدا جۆرێکە لە گەردونگەرایی و جیاوازە لە گشتگیرییەتی درۆیینەی تیۆری هاوڵاتیبوونی نەریتی[1]، واتا ئەو بانگەشەیە کە بەناوی هاوڵاتیبوونی گشتگیر و لەپێناو یەکێتی دەوڵەتدا، نابێتە ئەو گشتگیرییەتە گەردونییەی لەپێناو لێبوردەیی و پێکەوەژیانی کەلتورە فرە چەشنەکان، بیرمەندانی فرەکەلتوری بانگەشەی بۆدەکەن.

ئەوەی لەم باسەدا بۆمان ڕوونبووەوە بریتییە لە بوونی پەیوەندییەکی تۆکمە و پێکەوەپەیوەستی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ و تیۆرەکانی مامەڵەکردنی فرەکەلتوری، بەوپێیەی کەلتورەکان لەناو کۆمەڵگەدا بەها و نۆرمەکانی خۆیان بەدەستدەهێنن و پراکتیزە دەکەن و کاریگەری لەسەر ڕایەڵەکانی ناوکۆمەڵگە دادەنێن، هەربۆیە شێوازی ڕوانینەکان و پارادایمە کەلتورییەکانیش لەناو کۆمەڵگەوە سەرهەڵدەدەن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی کەلتورە جیاوازەکان.

## تەوەرەی دووەم: کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ

پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی گرێدراوی ڕوانگەی هزرییانەی مرۆڤە لە مێژوویەکی دێرینەوە، بەتایبەت سەبارەت بە بابەتی بەڕێوەبردن و کاروباری سیاسی و پرسە گشتییەکان، هەربۆیە سەرەتاکانی بەکارهێنانی چەمکەکە زیاتر گوزارشت بووە لە کۆمەڵگەی سیاسی یاسایی و ڕێکخراو لەبەرامبەر کۆمەڵگەی بەرایی و نارێکخراو، بەڵام بەتێپەڕینی قۆناغەکانی گەشەی هزری و سیاسی و سۆسیۆلۆژی، مانا و ئاماژەکانی چەمکەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەتایبەت دوای تیزەکانی (هیگڵ)ی فەیلەسوف کە تەواو جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەخاتەڕوو، و کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو ئەنتی تێزەی نێوان دەوڵەت و تاکەکان یاخود خێزانەکان وێنادەکات، بەڵام ئەو دابەشکارییەی ئاستەکانی نێوان تاک یان خێزانەکان و کۆمەڵگە و دەوڵەت لای هیگڵ ئاماژە نییە بە سێ قۆناغی گەشەکردن، بەڵکو گرێدراوی سێ ساتەوەختی لۆژیکییە (ثلاثە لحظات منطقیة) کە واقیعی کۆمەڵایەتی کامڵ دەکەن(٢)، واتا ، هەربۆیە لە سەردەمی هاوچەرخدا مانای کۆمەڵگەی مەدەنی تەواو گرێدراوی ئەو مەبەستانەیە کە وەکو ناوەندێک لەنێوان دەوڵەت و تاکەکاندا لەئارادان، واتا کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو ئامراز و ڕایەڵێکی نێوان تاکەکان و دامەزراوەی دەوڵەتی و حکومەتی، بەڵام ئەو دەرخستە سادەیە لە ناواخنی خۆیدا هێشتا کۆمەڵێک گرێ و ناڕوونی هەڵگرتووە، کە لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین ڕوونیان بکەینەوە.

دەربارەی لێڵی و شاراوەیی یاخود ئاڵۆزی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی (ئیهرنبێرغ) پێیوایە کۆمەڵگای مەدەنی چەمکێکی ناڕوون و لاستیکییە، بەجۆرێک کە بە ئاسانی وردبینییەکی زۆر نادات بەدەستەوە، بەو پێیەی بەس نییە کە وەک بوارێکی نێوەندگیری بۆ یەکێتی و سەندیکا خۆبەخشەکان کە بە پێوەرەکانی گروپ پشتگیری دەکرێن، وەسفی بکەین، چونکە زۆرێک لە سیستەمەکان

(1) ibid, p11.

(٢) غيوم سيبرتان-بلان، الفلسفة السياسية في القرنين التاسع عشر و العشرين، ت.عزالدين الخطابي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت – لبنان، ٢٠١١، ص٩٨.

ویرانکەرن بۆ رەفتارە مەدەنییەکان، و زۆرێک لە ستاندارده ناوخۆییەکان خراپن بۆ دیموکراسی[1].
ئەم ناڕوونیە وایکردووە کە بۆچونی بیرمەندانیش لەهەمبەر چەمکەکە جیاوازبێت و خودی ماهیەتی کۆمەڵگەی مەدەنیش هەڵگری جۆرێک لە فرە رەهەندی بێت، هەربۆیە ئەو پرسیارەی کە ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی تەنها گوزارشتە لە نێوەندگیری نێوان دەوڵەت و خەڵک یاخود دەزگاحکومەتییەکان و تاکەکان، هێشتاش جێگەی مشتومڕە، هەروەها ئەو نێوەندە چییە و چۆنە و تاکوێیە؟ لەلایەکیترەوە وەک لە گوزارشتەکەی ئیهرنبێرغەوە ڕووندەبێتەوە کە مەرج نییە سیستماتیکی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستکەر و پۆزەتیڤ بێت بەڵکو دەشێت وێرانکەربێت و بەتایبەت لەهەمبەر قبوڵکرن یان دژایەتی فرەیی کەلتوریدا هەڵوێستی نەرێنی بنوێنێت، هەر ئەمەش وائەکات زۆرکات پێوەر و ستاندارده ناوخۆیی و لۆکاڵییەکان بەرەنگاری و ناڕەزایی لەهەمبەر دیموکراسییەت تەبەنی بکەن یان هەڵوێستی نەرێنی لەبەرامبەردا وەربگرن، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری خراپی لەسەر ڕێزگرتنی جیاوازییەکان و لێبوردەیی و زەمینەی گونجاوی فرەکەلتوری دەبێت.

هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی وەک پرسێکی بەرژەوەندی گشتی یان تایبەتی هاوکات گرێدراوی کار و ئابوری مانایەکی تری چەمکەکە لەخۆدەگرێت، کە ئەمەش چەمکێکی بنەڕەتییە بۆ فەلسەفەی گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە ژیان دابەشکراوە بەسەر بوارەکانی (تایبەت و گشتی) دا و هەر بوارێک دابەشکراوە بەسەر بوارەکانی تردا (بەهۆی لق و پۆپی دابەشکردنی کار)ەوە، ئەم دابەشکردن و دابڕانەی نێوان بوارەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بەرژەوەندییە جیاوازەکان، لێرەوە ئەو پرسیارەی کە خەوی بیرمەندان دەزڕێنێت سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە: ئەو فاکتەرە یان فاکتەرانەی ئەم بوارە جیاوازانە لە خزمەت هەمووان یەکدەخەن چییە؟، ئایا بەرژەوەندی خودی، یان ئەخلاق، یان پێویستی هێزێکی دەرەکییە بۆ مەبەستی سەپاندنی هەماهەنگی؟[2]، بەواتایەکی تر ئەرک و ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ یەکخستن یان سازان و هارمۆنییەتی کۆمەڵایەتی لەسەر چی بنەما و بناغەیەک دامەزراوە و بوار و دەرفەتی ئیشکردنی چۆن و تاکوێیە؟

ئەگەر بۆ ڕای بیرمەندان بگەڕێینەوە ئەوا دەتوانین بڵێین بەلای هەندێک لە بیرمەندانەوە کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەردەمی هاوچەرخ دا هەموو ئەو جوڵانەوە و ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە لەدەرەوەی دامەزراوەی حکومەت لەهەوڵدان، تەنانەت هەندێک لەتوێژەران زیادەڕەوی دەکەن لەو شوناسپێدانە و پێیانوایە هەموو شتێکی دەرەوەی دامەزراوەی حکومەت دەگرێتەوە هەتا دامەزراوە ئایینییەکانیش، بێجگە لە بنەما خێڵەکی و تائیفییەکان[3]، ئەم ڕوانگەیە مەودا و ڕەهەندێکی فراوان و گشتگیر بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەخشێت، بەجۆرێک هەموو دامەزراوە و ڕێکخراو و جوڵانەوەیەک کە لەدەرەوەی دامەزراوەی دەوڵەتی کاربکات و چالاکی هەبێت وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی

---

[1] جون إهرنبرغ، المجتمع المدنى – التاريخ النقدى للفكرة، ت: د. على حاكم صالح و د. حسن ناظم، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٨، ص٤٤٠.

[2] مصدر نفسه، ص ص ٤٧٣-٤٧٤.

[3] د. مصطفي كامل السيد، دور مؤسسات المجتمع المدني في واقع متغير، فى كتاب: (مجموعة مؤلفين، المجتمع المدني فى البلدان العربية ودوره في الإصلاح، تحرير:ممدوح سالم، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، القاهرة، ٢٠٠٤، ص١٥).

شوناس دەكات، واتا تەنها ڕێکخراوە پیشەیی و سەندیکاکان و دامەزراوە کەلتوری و فەرهەنگییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دەکرێت هەرشتێک کە کاریگەری هەبێت و لەدەرەوەی دەزگا حکومەتییەکان بێت.

هەروەها (سەعدەدین ئیبراهیم) پێناسەی دەکات بە: هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە پشتاوپشت و ویراسی نین و ناحکومین، و لەپێناو بەرژەوەندی و پرەنسیپی هاوبەشی ئەندامەکانی دامەزراوە، بەواتایەکی تر کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو ئەو سەندیکا و یەکێتی و حیزب و کۆمەڵە هۆشیارییانە دەگرێتەوە کە لەژێر پێناسەکەی سەرەوەدان[١]، واتا لای سەعدەدین حیزبیش وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئەژمارکراوە، ئەگەرچی کاری سیاسیش بکەن، بەڵام ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی بەشێوەی ویراسەت بەڕێوەدەچن ئەوا نابنە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی.

کاتێک ئێمە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ باس دەکەین، ئەوا مەبەست لێی مانا هەنوکەییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، کە پەیوەستە بەگەشەی ژیان و جۆری پێداویستییەکان و فرەیی بەرژەوەندییەکان و ئاڵۆزبوونی ژیان و بەرەوپێشچوون و زیادبوونی خواستەکانی مرۆڤ و ناچارێتی پشتبەیەکتر بەستن[٢]، و فراوانبوونی پەیوەندییەکان و بەریەککەوتن و تێکەڵاوبوونی زیاتری کەلتورەکان و پرسی کۆچکردنی بەلێشاو و ئاسانی بەیەکترگەیشتنی کەلتورە جیاوازەکان هەم بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێت و شاشە و دونیای مەجازییە وە هەمیش بەهۆی ئاسانی گواستنەوە مرۆڤ و زۆری و پێشکەوتوویی ئامرازەکانی گواستنەوەوە، ئەمەش وائەکات کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی بەسەر مامەڵەی کەلتورییەوە دیار و کاریگەربێت، هەروەها پرسی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ناوچەکان پرسی کۆمەڵگا لۆکاڵییەکان و بزاوت و جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانیان[٣]، و کاریگەری و لێکەوتەکانیان لەسەر ژیانی کەلتوری. کۆمەڵگەی مەدەنی لەپەیوەست بە کۆمەڵگای لۆکاڵی و پرسی کەلتور تیایدا دەبێتە فاکتەرێک لەڕێگەیەوە ڕووەو فەزیلەتی مەدەنی هەنگاو بنێین، وەک (د. احمد عبدالحليم عطية)پێیوایە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە دیدگا و پارادیمی نێوان مافە بنەڕەتییەکانی تاک و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کە ڕەنگدانەوەی پێداویستی ڕێزگرتنی داخوازییەکانی فەزیلەتی مەدەنییە، کە ئامانجی سەرەکی تیایدا بریتییە لە لێبوردەیی تاکەکان[٤]، واتا فەزیلەتی مەدەنی لەسەر بنەمای لێبوردەیی و ڕێزگرتنی جیاوازییەکان.

هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەردەمی مۆدێرنەدا چیتر لە سنورە لۆکاڵییەکاندا چەقنابەستێت و بەرەو دەرەوەی سنورە سیاسی و ئایدۆلۆژی و کەلتورییەکان تێدەپەڕێت، بەڵام ئەو گوزەرکردنەی

---

[١] د. سعدالدين ابراهيم، تأملات في مسألة الاقليات، مركز ابن خلدون للدراسات الانمائية و دار سعاد الصباح، القاهرة و الكويت، ١٩٩٢، ص٢٤٢.

[٢] جەبار ئیسماعیل احمد، ڕوانگەی هزرمەندانی لیبرال - پارێزگار بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی - هزری (ئیدمۆن بێرک - ئەلێکسی دی تۆکڤێل - مایکل ئەواکشۆت) بەنموونە، گۆڤاری الدراسات السياسيه و الامنيه، المجلد ٤، العدد ٨، مركز الدراسات المستقبليه، سليمانيه، كانون الاول ٢٠٢١، ص١٨٠.

[٣] هوارد.ج.وياردا، المجتمع المدنى - النموذج الامريكي و التنمية في العالم الثالث، ت. ليلي زيدان، الجمعية المصرية للنشر المعريفة و الثقافة العالمية، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٨.

[٤] د. احمد عبدالحليم عطية ، الفلسفة و المجتمع المدنى - جون لوك و رسالة في الحكومة المدنية - نصوص فلسفية، دار الثقافة العربية، القاهرة، ٢٠٠٧، ص١٥

سنورەکان تەواو پەیوەستە بە چۆنیەتی بەریەککەوتنی لەگەڵ ئەوانی تردا، بەتایبەت ئەوانی تری جیاواز و ناکۆک، لەم ڕەهەندەوە کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتی وەک درێژکراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی نیشتمانی پێناس دەکات، ئەگەرچی بەئاراستەی بوونی ململانێیەکە بەڵام ڕێز لە ڕێساکان و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ دەگرێت و بەکەلتورێکی لێبوردەییەوە مامەڵەی ناکۆکییەکان دەکەن و سنورە جیۆگرافی و سیاسییەکان دەبڕن و لەگەڵ دامەزراوە مەدەنییەکانی تری جیهان بۆ بەرگری لە دۆزە جیهانییەکان کاردەکەن[1]. بەواتایەکی تر کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی بەشێکە لە دەرکەوتەکانی پرۆژەی یەکانگیری جیهانی و بەو پێیەی ڕێکخستنی نەتەوەیی جیهان لەسەر بنەمای پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە سەریهەڵدا، دەکرێ حکومەتی جیهانی لەسەر بنکەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دامەزرێت کە سنوورە نەتەوەییەکان تێپەڕێنێت، ئەویش کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانییە، کە کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی بەشێکە لە پرۆسەیەکی فراوانتر کە خەباتی هاوبەشە بۆ دادپەروەری نێودەوڵەتی و ئاشتی جیهانی[2]، واتا ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی وەک درێژکراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ لە هەردوو پرەنسیپی دادپەروەی نێودەوڵەتی و ئاشتی جیهانیدا ڕەنگرێژدەبێت کە دوو پرەنسیپی گرنگ و جێبایەخی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی کەلتوریین و بنەمایەکی گرنگی ڕێزگرتنی فرەکەلتورین.

بوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەم داخواز و هەمیش سازێنەری کۆمەڵێک ماف و ئازادیین، واتا لەو ناوچانەی ئەو مافانە پێشێلکراو و بنپێخراون ئەوا دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵ و خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنیاندا دەدەن، و لەو کۆمەڵگایانەش کە بوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمری واقعن یاخود ڕێپێدراو و ئازادن ئەوا بوونی ئەو دامەزراوانە لەگەڵ خۆیاندا ئەو ماف و ئازادییانەش دەسازێنن، وەک  ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان کە لە پێش هەموویانەوە ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین، ڕێزگرتن لە مافی ئازادی گردبوونەوە و مافی ئازادی کۆمەڵ و دامودەزگاکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی و پەیوەستبوون و بەشداریکردن تێیاندا و چەسپاندن و جێبەجێکردنی گەرەنتی یاسایی کە لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤەوە گەرەنتی کراوە[3]، بوونی ئەو ماف و ئازادییانەش دەشێت ببێتە بنەمایەک بۆ ئازادی و ڕێزگرتنی فرەکەلتوری و پێکەوەژیان و لێبوردەیی نێوان کەلتورە جیاواز و هەمەچەشنەکان، هەرئەم پەیوەندییەی نێوان ماف و ئازادییەکان بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەبێتە پرسێکی گرنگ و گرێدراوی بابەتی فرەکەلتوری و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلتورە جیاوازەکان لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا.

---

(1) كريمة عجلى، دور المجتمع المدني العالمي في الحوكمة البيئية العالمية، رسالة ماجستر غير منشورة، التى قدمها في جامعة العربي بن مهيدي أم البواقي - كلية الحقوق والعلوم السياسية - قسم العلوم السياسية، بدون مكان، سنة دراسية ٢٠١٤ – ٢٠١٥، ص٩.

(2) المصدر نفسه، ص٩.

(3) الملاحق فى كتاب: (مجموعة مؤلفين، المجتمع المدني فى البلدان العربية ودوره في الإصلاح، تحرير:ممدوح سالم، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٣٢١).

## باسی دووەم: کۆمەڵگەی مەدەنی و پرسی ئاسیمیلاسیۆن

ئاسیمیەکردنی کەلتوری وەک تیۆرەیەکی مامەڵەکردنی کەلتورە جیاوازەکان بابەتێکی گرێدراوی ویستی هەژموون و زاڵ بوون و تواندنەوەی ئەویترە لەناو کەلتوری باو و باڵادا، ئەگەرچی خواستی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ ئەبێ دەستەبەری ئازادی کەلتوری و یەکتر قبوڵکردن و ڕێزگرتنی کەلتوری بێت وەک بنەمایەکی دەستەبەری ماف و ئازادییەکان، بەڵام زۆرکات و لەزۆرشوێندا ئەو ماهیەتەی کۆمەڵگەی مەدەنی بزردەبێت و لەجێگەیدا خواسی زاڵبوون دەردەکەوێتەوە، پرسی ئاسیمیلەکردن زۆرکات بەپاساوی یەکرێزی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی یان پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەت و دووربوون لە ترازانی سیاسی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، پرۆسەکانی ئەسیمیلەکردن بەڕێدەخەن، ئەو پرۆسانەش بەگشتی بە دوو جۆر یاخود دوو ئاراستەی جیاواز ئەنجامدەدرێت کە بریتین لە ئەسیمیلاسیۆنی یەکپارچە یان یەکانگیر و نەریتی، و ئەسیمیلاسیۆنی پارچەپارچە، کە لە دوو تەوەرەدا هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

### تەوەرەی یەکەم: سەرهەڵدانی ئەسیمیلاسیۆن وەک تیۆرەیەکی مامەڵەی فرەکەلتوری

لەگەڵ سەرهەڵدانی پرسی فرەکەلتوری و داواکاری خاوەن کەلتورە جیاوازەکان بۆ ئازادی فەرهەنگی و زمانی و بونیادە کەلتورییە جیاوازەکانی تر و سەرهەڵدانی ڕوئیا و ڕوانگەگەلێکی هزری و خواستی رۆشنبیران بۆ ئازادی کەلتوری و پاراستنی هەمەچەشنی کەلتوری، هاوکات ئاراستەیەکی سیاسی بەمەبەستی پاراستنی تاقانەیی کەلتوری باڵادەست سەرهەڵدەدات، بەتایبەت لە وڵاتانی خۆرئاوا و دوای هاتنی لیشاوی کۆچبەران بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست دا، بۆنمونە ئاراستەیەکی سیاسی لە ئەمریکا و لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا پێشنیاریان دەکرد کتێب و پرۆگرامە بەردەست و بەکارهاتووەکان لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا بەشێوەیەک بگۆڕدرێن کە لە ڕۆشندارکردن و بازاڕسازی (تشويق و تسويق)ی فرەکەلتوری دووربکەونەوە بەئاراستەی سەرنجدان لەسەر یەک دیدگای کەلتوری تاقانەیی ئەمریکی[1]، ئەم ئاراستەیەی بیرکردنەوە بەرەو تیۆرەیەکی تری مامەڵەی کەلتوری دەچێت کە ئەویش پرسی ئاسیمیلەکردنی کەلتورییە، واتا تواندنەوەی کەلتورە جیاوازەکان لەناو کەلتوری باڵادا، ئەویش لەپێناو پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی دەوڵەت و دروستنەبوونی درز و بۆشایی کەلتوری کەدواتر ناکۆکی کۆمەڵایەتی و ململانێی ترازانسازی نیشتمانی و سیاسی هەڵدەگرێت، هەرچەندە ئەم ترسانە مەرج نییە لەجێگەی خۆیاندا بن، و کەلتوری جیاواز ببێتە هۆی ترازان و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت، بەڵام دواجار پاراستنی یەکێتی دەوڵەت بووەتە هۆکار و ئامرازێکی کاریگەر بۆ ئاسیمیلەکردنی کەلتورە لاواز و جیاوازەکان لەهەمبەر کەلتوری باڵادەست، هەم لە سیستەمە دیموکراسی و هەمیش لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا، بەڵام بەشێوە و ڕێکار و ئامرازی جیاواز.

خانمە ئاکادیمیستی هندی (د. راجاشری داسگوپتا - Dr. Rajashree Dasgupta) پێناسەی

[1] Guido Bolaffi, Raffaele Bracalenti, Peter Braham & Sandro Gindro, op.cit, pp6-7.

ئاسیمیلەکردنی کەلتوری دەکات و پێیوایە ئاسمیلەکردنی کەلتوری بریتییە لەو پرۆسەیەی کە گروپێکی کەمینە یان کەلتورێک دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی لە گروپێکی باڵادەست بچێت یان بەها و ڕەفتار و بیروباوەڕی گروپێکی دیکە گریمانە بکات[١]. واتا جۆرێک لە ئامادەیی یان ڕەزامەندی لای کەلتورە کەمینەکە هەیە بۆ ئاسیمیلەبوون، بەڵام ئەوە ڕەهەندێکی ئاسیمیلەکردنە و ڕەهەندێکی تریشی هەیە کەبریتییە لە ئاسیمیلەکردنی ناچاری، وەک (ماکلارێن) تێبینی دەکات، ئەم پرۆسەیە دەیەوێت کەمینە نەتەوەییەکان 'بە نەزمێکی کۆمەڵایەتی نادادپەروەرانە' ئاسمیلە بکات[٢]، واتا ئاسیمیلەکردن پرۆسەیەک نییە قبوڵکراوبێت، بەڵکو نادادپەروەرانەیە و بەشێوەی ناچارییە، و بۆ زۆرێک لە کۆمەڵناسان، ئاسیمیلەکردن پرۆسەیەکی یەکلایەنەیە کە تیایدا کەمینەکان فێری کەلتورە باڵاکە دەکرێن و بەناچاری نەخشە کەلتورییەکانی خۆیان دادەڕێژن و ڕەفتار و بەهاکانی کەلتورە باڵاکە دەگرنەبەر، واتا یەکسانکردنی ئاسیمیلەکردن بە تێکەڵکردنی گروپێکی ژێردەستە لە کۆمەڵگەی خانەخوێی باڵادەست و ناوەکیکردنی بەهاکانی گروپی باڵادەست لەلایەن ئەندامانی گروپی ژێردەستە[٣]، بەڵام ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی ناچارییە و دوورە لە خواستی ئازادانەی کەلتورە ژێردەستەکە.

ئاماژەکردن بە کەلتوری جیاواز وەک مەترسی لەسەر یەکێتی و ئاسایشی دەوڵەت، یەکێکە لە خەسڵەت و سیما دیارەکانی دەوڵەتانی تۆتالیتار و ڕاسیست، دەوڵەتانی تۆتالیتار و ڕاسیست پیرۆزی یەکێتی دەوڵەت دەخەنە سەروی هەموو پیرۆزییەکان و لەپێناو مانەوەی ئەو یەکڕەنگییەی دەوڵەتدا قوربانی بەشتەکانی تری وەکو مافەکان و ئازادییەکان و فرەیی دەدەن، یەکێک لەو قوربانیانەش بریتییە لە کەلتورە جیاوازەکان، لەدەوڵەتی یەکڕەنگدا هەرجۆرە جیاوازییەک وەکو مەترسییەکی مەزن لەسەر یەکێتی دەوڵەت دەبینردێت، لەنمونەی دەوڵەتی تورکیا (کە دەکرێت وەک دەوڵەتێکی ڕاسیست وێنای بکەین بەو پێیەی کە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا لەژێر دروشمی یەک زمان و یەک نەتەوە و یەک ئاڵا دابوو)، و هەر نەتەوەیەکی غەیرە تورک وەک مەترسی لەسەر کیانەکە دەبینێت، ئەمەش وائەکات پرۆسەی ئاسیمیلەکردن لەهەمبەر ئەو ڕەنگ و کەلتورەجیاوازانە ئەنجامبدرێت، وەک ئەوەی تورکیا لەدژی کەمینەی نەتەوەی کورد، هەروەها لەدژی کەمینەکانی ئەرمەنی و یۆنانی و عەلەوییەکانی ئەو وڵاتە ئەنجامیان دەدات. لەم جۆرە دەوڵەتانەدا کەلتورێکی یەکڕەنگ و هاوبەش وەکو شتێکی مێژوویی و سیاسی گریمانە دەکرێت، ئەمەش کەمینەکان دەخاتە

---

[1] Rajashree Dasgupta, Cultural Assimilation, Government Girls' General Degree College - Dept. of Geography, India, without datet, visit date; 12-12-2022, Available at the following link; https://bit.ly/3V68QvS .

[2] Stephen May, Critical Multiculturalism: Rethinking Multicultural and Antiracist Education, Falmer Press, London – UK and Philadelphia – USA, 2005, P21.

[3] Douglas F. George, B.S., M.S, unity through diversity? -assimilation, multiculturalism and the debate over what it means to be an American, university of north texas, texas - USA , December 2005, P41.

بەردەم ئەوەی دەستبەرداری شوناسە کەلتوری و زمانییەکەی خۆیان بن و لەناو یەکگرتویی کۆمەڵایەتی دەوڵەت-نەتەوەدا بتوێنەوە، واتا ئەم پرسگرە دەخوازێت کەمینە نەتەوەیی و کەلتورییەکان بە نەزمێکی کۆمەڵایەتی نادادپەروەرانە ئاسیمیلە بکات[١]، بەو پاساوەی ئەمکارە لەپێناو ئاسایشی نەتەوەی و نیشتمانی و یەکێتی دەوڵەتدایە.

ئاسیمیلەکردنی کەلتوری پرۆسەیەکە بەزۆری لەهەمبەر کەمینەکان لە دەوڵەتێکدا پراکتیزە دەکرێت، بەڵام دەشێت هەندێکات کەمینەیەکی دەسەڵاتدار هەوڵی ئاسیمیلەکردنی کەلتورەکانی تربدەن، هەرچەندە ئەمجۆرەی ئاسیمیلەکردن هەم کەمە و هەمیش کاریگەری زۆری نابێت. پرۆسەکانی ئاسیمەلەکردنی کەلتوری لەسەردەمی مۆدێرندا وەک دیاردەیەکی فراوان دەرکەوتووە بەتایبەت لەوڵاتانی ستەمگەری هاوشێوەی ئەڵمانیای نازی و تورکیا و سوریا و عیراقی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس کە دەوڵەت بەڕێگەی ستەم و زۆرلێکردنەوە هەوڵی تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی کەمینەکانی دەدا یاخود ئێستاش بەردەوامە لەنموونەی تورکیا، هەروەها ئەو وڵاتانەش کە کۆچی بەلێشاو ڕووی تێکردوون. وێڕای کاریی زۆری دەوڵەتان بۆ پرۆسەکانی ئاسیمیلەکردن لەهەمبەر کەمینەکان، بەڵام لای زۆر کەسی سیاسی و بیرمەندیش ڕەتکراوەتەوە، واتا لەگەڵ فراوانبوونی دیاردەی ئاسیمیلەکردن، ڕەتکردنەوەشی دەرکەوت، بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بەنموونە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا لە (١٩٦٦)، وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە (ڕۆی جێنکنز) پێیوایە لەجیاتی ئاسیمەلەکردنی کەلتوری پێویستیمان بە یەکگرتنی کەلتورییە، و پێیوایە یەکگرتن جیاوازە لە پرۆسەی ئاسیمیلەکردن، چونکە یەکگرتنی کەلتوری بریتییە لە دەرفەتێکی یەکسان لەگەڵ هەمەجۆری کەلتوریدا لە کەشێکی لێبوردەییدا[٢]، واتا پرۆسەی ئاسیمیلەکردنی کەلتوری یاخود توانەوە و سڕینەوەی کەلتوری کەمینەکان ڕەتکرایەوە و لەجێگەیدا تاوتوێی یەکگرتنی کەلتوری و لێبوردەیی کرا، کە لەباسی سێیەمدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

لە پرۆسەی ئاسیمیلەکردنی کەلتوریدا بەر چەمکێک دەکەوین کە بە کەلتورەیشن گوزارشت دەکرێت، دیاردەی کەلتورەیشن یاخود کەلتورسازی ئاماژەیە بۆ کردەی بەدەستهێنانی کەلتورێکی نوێ[٣]، بۆ نموونە کردەی کەلتورەیشنی کۆچبەرێک بۆ بەدەستهێنانی تایبەتمەندییە کەلتورییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیکە کە لەلایەن گروپێکی کۆمەڵایەتییەوە هەماهەنگی لەگەڵدا دەکرێت یاخود دەچێتە یانەیەکەوە و بەشێکی کەلتوری ئەندامانی ئەو یانەیە وەردەگرێت، (میلتۆن گۆردۆن) کەلتورسازی وەک پرۆسەیەکی ئاسمیلەکردن، یان "ڕشتنی کەلتور" دەخاتە ڕوو، کە تێیدا کۆچبەران ئاراستەی وەرگرتنی کەلتوریان بەدەستهێناوە و ئەوانەی لە وڵات یان ناوچەی ڕەچەڵەکی خۆیانەوە هاتوون و کەلتوری خۆیان دەستلێبەردەدەن[٤]، لای (گۆردۆن) کەلتورسازی یان ئاسیمیلەکردنی کەلتوری پرۆسەیەکی کارا و فراوانە کە بەسەر کۆچبەراندا جێبەجێدەکرێت و لەناو کەلتورە باڵاکەدا

---

(1) Stephen May, op.cit, P21.

(2) Nasar Meer, op.cit, P16.

(3) Guido Bolaffi, Raffaele Bracalenti, Peter Braham & Sandro Gindro, op.cit, p1.

(4) Verónica Benet-Martínez and Ying-yi Hong, op.cit, p58.

دەتوێنەوە. دەکرێت ئەو پرۆسانە لە ڕێسا و ڕێنمایە لاوەکییەکانەوە سەرچاوەبگرن، بەنموونە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەستنی کڵاو بۆ شۆفێران و سەرنشینانی ماتۆرسکیل مەرجێکی یاسایی بوو، بەڵام ئەم یاسایە پێشێلکردنی پێڕەوانی ئەو کەمینە ئاینییە بوو کە ئایینەکەیان پۆشینی عەمامە(turban)ی کربووە پێویستی[1]، بۆیە ئەو کەمینەیە لەنێوان یاساکە (پۆشینی کڵاو) و ئایینەکەیاندا (پۆشینی عەمامە) ناچارکرابوون یەکێکیان هەڵبژێرن و هەڵبژاردنی داواکارییە ئایینییەکەش دەیخستنە بەردەم ئەوەی یان سزا بدرێن یانیش دەستبەرداری سواربوونی ماتۆرسکیل بن، هەروەها هەمان شتیش لە فەرەنسا لەهەمبەر حیجابی کچانی موسڵمان لە قوتابخانەکان پێڕەوکرا و پۆشینی حیجاب لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەدا وەکو پێشێلکردنی بنەماکانی سیکۆلاریزم وێناکرا و خوێندکاران لە حاڵەتی پابەند نەبوون و پۆشینی حیجابدا وەکو کەوتوو ئەژمار دەکران[2]. ئەم نموونانە لەوانەیە وەک ڕێنماییەکی ئاسایی دەربکەون بەڵام لەناوەرۆکدا هەوڵن بۆ ئاسیمیلەکردنی کەلتورە کەمینەکان لەناو کەلتوری باڵای بەریتانی و فەرەنسیدا.

وێڕای جەختکردن لەسەر ئازادی کەلتوری و پارێزگاری لە بنەما کەلتورییە هەمە چەشنەکان، بەڵام پێویستە سەرنجبدەین لەو کەلتورانەش کە لەناوخۆیاندا و لە بەهاکانیاندا هەندێک نۆرمیان هەڵگرتووە کە پێچەوانەی ئازادی و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤن لەنموونەی کەلتوری ئایینی و ئایینزایی، هەندێک کۆمەڵگەی ئایینی جەخت لەسەر پاراستنی بەها باوەڕییەکانی خۆیان دەکەنەوە ئەگەرچی پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤیش بێت، واتا وەک ئەوەی (یاسمین علی بهائی براون) پێمان دەڵێت کە ڕاستە دەبێت قەدری کەلتورە جیاوازەکان بزانرێت، بەڵام هەرگیز نابێت لە پێش مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە بێت[3]، بەواتایەکی تر کەلتورە جیاوازەکان دەبێ بەهایان بۆ دابنرێت بەڵام هەمیشە هەڵەیە بخرێنە سەروی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ[4]، و پێویستە هەوڵبدرێت بۆ گونجان و گەشەپێدانی ئەو کەلتورە و بەهاکانی بەجۆرێک هاوتای مافەکانی مرۆڤ و شکۆی تاکەکان بێتەوە، و ئەمجۆرەش لە دەستێوەردانی کەلتوری بەواتای پێشێلکردنی مافە کەلتورییەکان نایەت ئەگەرچی بشچێتە خانەی ئاسیمیلەکردنیانەوە.

لە ناواخن و کۆنتێکستی ئاسیمیلەکردنەوە بەر دیاردەیەکی تر دەکەوین لەهەمبەر کەلتور، ئەویش بریتییە لە ئیمپریالیزمی کەلتوری، (ئیچ مونکلێر) پێناسەی ئیمپریالیزمی کەلتوری کردووە بە: هەژموون و دەسەڵاتێکە کە وڵاتێک بەسەر وڵاتێکی دیکەدا لە ڕێگەی کەلتورەوە بەدەستی دەهێنێت

---

[1] Colin Farrelly, Introduction to Contemporary Political Theory, SAGE Publications, London - Thousand Oaks - New Delhi, 2004, pp127-128.

[2] ibid, p129.

[3] علي راتانسي، التعددية الثقافية - مقدمة قصيرة جدا، ت: لبنى عماد تركي، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة، ٢٠١٣، ص١١.

[4] Ali Rattansi, Multiculturalism: A Very Short Introduction, Oxford University Press, Oxford and New York, 2011, p5.

[1]، یاخود ووردتر بڵێین باڵادەستی و هەژمونی کەلتورێکە بەسەر کەلتورێکی تردا بە ئامانجی ئاسیمیلەکردن و تواندنەوەی لەناو کەلتورە باڵاکەدا، ئەمەش زۆرکات دوای داگیرکردنی دەوڵەتێک لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە بەنمونە سەردەمی جەنگ و داگیرکاری و پرۆسە کۆلۆنیلییەکاندا بووە، یان هاتنەسەردەسەڵاتی هێزێکی تۆتالیتار و پەرگیر لەناو دەوڵەتێکی فرەپێکهاتە و کەلتور جیاواز، لەنمونەی هێزە تۆرانیە راسیستەکان لە تورکیا، یان بەعسییەکان لە عیراق و سوریا، یاخود کۆچکردنی خەڵکانی کەلتور جیاواز بۆ وڵاتێک لەنمونەی کۆچی بەلێشاو ڕووە و ئەمریکا یان ئەوروپا.

وێڕای هەوڵەکانی ئاسیمیلەکردن لەو وڵاتانە، بەڵام هێشتا جۆرێک لە فرەکەلتوری و ئازادییە فەرهەنگییەکان دەستەبەر و پارێزرون، هەرچەندە ئەو دۆخە لە فرە کەلتوری لە ئەمریکا و ئەوروپا ناتوانێت واقیعی ستانداردکردنی جیهانی بشارێتەوە کە پێش هەموو شتێک ئابووری و سەربازییە، بەڵام درێژەدەبێتەوە بۆ پێکهاتە سیاسییەکان و شێوازی ژیانیش[٢]، ئەمەش ئەو قۆناغەی کۆلۆنیالیزمی کەلتورییە کە پانتاییەکانی فراوانتر دەبن و کردەکانی توندوتیژانەتر دەبن، ئەویش بریتییە لەسەردەمی هەوڵی زلهێزەکان بۆ ئاسیمیلەکردنی کۆی کەلتورەکان لەڕێگەی گلۆبالیزەیشنەوە، بەواتایەکی تر ئێمە دەچینە ناو سەدەیەکی نوێی ئەمریکییەوە، کە تێیدا هێشتا لە ڕووی کەلتورییەوە دەوڵەمەندتر بەڵام زیاتر کوشندە دەبێت[٣]، ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە پرۆسەکانی ئاسیمیلەکردن و کۆلۆنیالیزمی کەلتوری دەبنە کۆنتێکستێکی تێکچڕاو و تێکئاڵاوی ئاڵۆز و هاوکات هەمەکارەوە.

کۆمەڵەیەکی تر، یاخود ڕەگەز و کەلتورێکی تر کە لەبەردەم هەڕەشەکانی ئاسیمیلەکردندابوو، بریتیبوو لە کەلتوری ڕەشپێستەکان، ڕەشپێستەکان لە وڵاتانی خۆرئاوا، خۆیان بەرئەنجامی سیستەمی کۆیلایەتی و پرۆسە کۆلۆنیالییەکان بوون و وەک ڕەمزێکی کۆلۆنیالیکراو و کۆیلایەتی تادرەنگانێکی مێژوو مامەڵەی بەکەم سەیرکردن و بێمافی و پەراوێزیان لەگەڵدا دەکرا. واتا هیچ بژاردەیەکی تر لەبەردەم کەلتورەکەیاندا نەبوو، یان ئاسیمیلەبوون و توانەوە، یاخود جیاکاری و تەریککردنیان لە کۆمەڵگە، بەڵام بەتێپەڕبوونی مێژوو ئەم گوشارە دیالەکتیکە نەرم بووە یان ڕەوییەوە، واتا ئیتر ڕۆحی ڕەشپێستبوون ئەم شێوە دیالەکتیکییەی کە لە گرژییەکی بەردوامدابوو تێپەڕاند و ئیتر دەتوانرا وابیربکرێتەوە کە چارەنوسی ڕەگەزە و کەلتورەکە چیتر لەو دیالەکتیکەی یان ئاسیمیلەکردن یان جیابوونەوە و جیاکاری نەهێڵدرایەوە و بەئاراستەی مانەوە و شانازی بەردەوامی وەرگرت[٤]، هەرچەندە تا ئاستێک تواندرا هەوڵی ئاسیمیلەکردنی شتە جیاوازەکان بدرێ، و هێڵێک کە هەمووان هاوبەشن تیایدا زەقبکرێتەوە، بەڵام دواجار ئەو باوەڕەی ئەفریقی - ئەمریکییەکان (ڕۆحیەتی

---

(1) I. V. Gudova, Cultural Imperialism: A Concept and a Phenomenon, Facets of Culture in the Age of Social Transition Proceedings of the All-Russian Research Conference with International Participation Volume 2018, 23 December 2018, p28.

(2) Alessandro Dal Lago and Salvatore Palidda, Conflict, Security and the Reshaping of Society, Routledge, London and , New York, 2010, p5.

(3) ibid, p55.

(4) Nasar Meer, op.cit, P45.

ڕەشپێستانە) لە تەوژمی سپی پێستانەی ئەمریکیدا نەتوایەوە، بەڵکو ئەو پەیامەیان بۆ جیهان دەرکەوت کە ئەوان تەنیا ئارەزووی ئەوە دەکەن کە بتوانن 'هەم ڕەشپێست و هەم ئەمریکی بن'[1]، بەمجۆرە پرۆسەی ئاسیمیلەکردنی یەکپارچە و نەریتی پاشەکشەی کرد، بەڵام تێپەڕاندنی ئاسیمیلەکردنی نەریتی و یەکپارچەیی نەبووە هۆی تەواوەتی پاشەکشەی پرۆسەکانی ئاسیمیلەکردن بەشێوەیەکی ریشەیی، بەڵکو دواتر ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچە سەریهەڵدا، کە مامەڵەکردنی لەگەڵ کەلتورەکاندا مامەڵەیەکی نەرم و هێواش و فرە ڕەهەندبوو، واتا کۆی کەلتورەکەی بە ئامانج نەدەگرت، بەڵکو بەشێکی کەلتورەکەی دەخستە ژێر پرۆسەکانی ئاسیمیلەکردنەوە و بەشێکیشی ئیگنۆر دەکرد یان دەخستە ناو پرۆسەی یەکگرتن (ئینديماج)ەوە.

## تەوەرەی دووەم: ئەسیمیلاسیۆنی پارچە پارچە و کۆمەڵگەی هاوچەرخ

شکست یاخود کەمی ڕۆڵی پرۆسەکانی ئاسیمیلەکردنی نەریتی و یەکپارچە لەلایەک و کاریگەرییە نەرێنی و نادادپەروەرییەکانی و نەگونجانی لەگەڵ بەهاکانی مافی مرۆڤ، بووە هۆی ئەوەی بیرمەندانی کۆمەڵایەتی ئاسیمیلەکردنی نەریتی ڕەتبکەنەوە، بۆئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە ئەم پارادایمە بەجێیهێشتووە، کۆمەڵناسان (ئەلبا و نی) ئاماژە بەوە دەکەن کە سۆسیۆلۆجیستەکان دوو مۆدێلی ئەلتەرناتیڤی فرەییان بۆ یەکگرتنی نێوان گروپەکان پەرەپێداوە، ئەوانیش بریتین لە ترانسناسیۆنالیزم (عبر الوطنية – transnationalism ) و ئاسیمیلاسیۆنی پارچەپارچە، لایەنگرانی ترانسناسیۆنالیزم جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەهۆی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، یەکخستنی بازاڕ و گواستنەوەی ئاسمانی بەکۆمەڵ، مەرج نییە ئەندامانی گروپی کەمینە نەتەوەییەکان هەوڵی ئاسمیلەکردن بدەن، چونکە دەتوانن پەیوەندییەکی بەرچاو لەگەڵ زێدی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، ئاسمیلاسیۆنی پارچە پارچەش پێشنیاری ئەوە دەکات کە زۆرێک لە نەتەوە کەمینەکان بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە ڕێگەیان پێدەدرێت بچنە ناو ڕەوتی سەرەکییەوە[2]، واتا وەکو ژێردەست نابیندرێن و بەزۆر و توندوتیژ ناخرێنە ناو پرۆسەی ئاسیمیلەکردنەوە و بەش بەش تێکەڵ بە کەلتوری باڵا دەبن.

کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەردەمی هاوچەرخدا لەنێوان ڕەوت و ئاراستە یەکڕەنگخواز و پاراستنی فرەیی کەلتوریدایە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری دەوڵەتان لەڕێگەی زمانی سەرەکی و نەریت و بەها بەیاسابووەکانی کەلتورە باڵادەستەکان هەوڵدەدەن کۆمەڵگە رووەو یەکڕەنگی و سڕینەوەی جیاوازییەکان ببەن، بەڵام لەبەرامبەردا ئاسانی و فراوانی پەیوەندییەکان و ئامرازەکانی گوستنەوە و کۆمۆنیکەیشن وایکردووە کە هەڵگرانی کەلتورە جیاوازەکان بتوانن پەیوەندییان بە ناوەندە کەلتورییەکانی خۆیانەوە بپارێزن و بەردەوامی پێبدەن، بەنمونە تاکێکی ڕۆژهەڵاتی لەکاتی نیشتەجێبوونی لەوڵاتێکی خۆرئاوایی دەتوانێت ئاسان جلوبەرگە کەلتوری و خواردنە کەلتورییەکانی بەدەست بگات و لەڕێگەی (تی ڤی) و ئینتەرنێت و ئامرازەکانی تری پەیوەندییەوە بەها کەلتورییەکانی

---

(1) ibid, P47.

(2) Douglas F. George, B.S., M.S, unity through diversity? -assimilation, multiculturalism and the debate over what it means to be an American, op.cit, Pp121-122.

خۆی بپارێزێت و لە کەلتورە باڵا و تازەکەدا نەتوێتەوە، بەڵام هاوکات بەجۆرێک لەجۆرەکان هەردەکەوێتە ژێرکاریگەری ئاسیمیلەبوونی پارچەپارچەوە. هەرچەندە ئامانجی داهاتووی سیستەهاوچەرخەکان تەنها ئەوە نەبووە کە سوود لە بەشداریکردن و دیدگاکان وەربگرین کە دیسپلینە جیاوازەکان پێشکەشی دەکەن، بەڵکو لەخۆگرتنی نەریت و تێروانینە کەلتورییە جیاوازەکانیش بووە، بەڵام بەمەبەست بێت یان بێمەبەست، بەهۆی بەریەککەوتن و پەیوەندییەکان و بازاڕ و ...هتدەوە، تاکەکانی هەڵگری کەلتوری لاواز و تەریک، دەکەونە بەر ئاسیمیلەبوونەوە لەلایەن کەلتورە باڵاکانەوە، ئەمەش بە ئاسیمیلەبوونی پارچەپارچە گوزارشت دەکرێت، واتا ئاسیمیلەبوونی پارچەپارچە سەرنج ناخاتە سەرکۆی کەلتورە لاوازەکە بۆ سڕینەوەی، بەڵکو تەنها بەشێکی ئەو کەلتورە پەراوێزدەخات وەک زمانەکەی، یان جلوبەرگ و خواردنەکان، یاخود بەها و باوەڕەکان، هەروەها شێوازی ئیشکردنی ئاسیملەکردنی پارچەپارچە بەشێوەیەکی نەرم و دوورلەتوندو تیژییە و زۆرکات تاکەکان خۆیان و بەخواستی خۆیان دەچنە ناوپرۆسەی ئاسیمیلەکردنەوە، یان هەندێکات بەهۆی پێویستی بەشداریکردن لەپرس و پرۆسە گشتییەکان و کاروبارە سیاسی و کارگێڕی و ئابورییەکان، ناچارن لەناو کەلتورە تازەکەدا بەشێکی کەلتوری خۆیان ونبکەن و لەدەستبدەن و کەلتورە تازەکە هەڵبگرنەوە.

ئاسیمیلەکردنی پارچە پارچە لەپنتێکی بچوکی جیاوازی کەلتورییەوە دەستپێدەکات و دواتر بەشەکانی تری کەلتورەکە ئاسیملە دەکات، ئەم نەرمی و هێواشییەی وائەکات کەمترین بەرخورد و بەرەنگاری لەهەمبەر وەربگیرێت و نارەزایی لەدژی لەنزمترین ئاستدا بێت، چونکە لەتەک نەرمییەکانی هاوکات پێویستی ژیان و ئابوری و مانەوە وا لەتاکەکانی هەڵگری کەلتوری کەمینە ئەکات خۆیان بچنە ناو پرۆسەکانی ئاسیملەکردنی پارچەپارچەوە، هەروەها میدیا و شاشە لە تیڤی و سینەماکان بە ئاستێکی فراوان کۆمەک بەو پرۆسەی ئاسیمیلەکردنە دەکەن، بۆنمونە ئەو رۆژهەڵاتی یان عەرەب و موسڵمانانەی لە رۆژئاوا فێر دەبن یان کار دەکەن، و ئەوانەی کۆچیان کردووە بۆ ڕۆژئاوا، مەیلیان هەیە کەلتورێکی بەکۆمەڵگەرایی میانڕەوتر بگرنەبەر، واتا سەرەتا ئاسمیلەکردنی کۆچبەران لە پانتایی ئابووری و کات بەسەربردن (چێژ و تەرفیهیات) و سیاسیدا ڕوودەدات و دواتر ڕەنگە ژیانی خێزانیی و کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان بگرێتەوە[1]، بەمجۆرە لەهەنگاوێکی بچوکەوە دەستپێئەکات و دواتر دەرفەتی گەڕانەوە ناهێڵێتەوە و پرۆسەی ئاسیمیلەکردن کامڵ دەکات.

ئەم گۆڕانە بۆ زۆرێک لەبیرمەندان جۆرێک لە حەتمیەت و دڵنیایی پێدراوە، بەوەی تاکەکان ئەگەر لەنێوان قبوڵکردنی تەواوەتی ئاسیمیلەکردن و ڕەتکردنەوەی تەواوەتی گیریان خوارد، ئەوا بەدڵنیایی بەپرۆسەی ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچەدا دەڕۆن تا دەگەن بە توانەوەی تەواوەتی، (جیمس مەرۆنی -James Marroney) لە توێژینەوەیەکیدا دەربارەی(ئاسملەکردنی زمانەوانی و کەلتوری وەک پرۆسەی سەرمایەی مرۆیی) پێیوایە تاکەکان یان بەتەواوی ئاسیمیلە دەبن، یان بەتەواوی

[1] Marwan Dwairy, counseling and psychotherapy with Arabs and Muslims a Culturally Sensitive Approach, Teachers College press, Columbia University, New York and London, 2006, P14.

بەرەنگاری ئاسیمیلەکردن دەبنەوە، ئەگەر ئەمە ڕوونەدات، ئەوا ئەبێ چاوەڕوانی وەرچەرخانی بەشەکی لە هەریەک لە پشکە کەلتورییەکان بین، بەواتایەکی تر ئەبێ ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچە گریمانە بکەین، کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان بەتێپەڕبوونی کات زیاتر لەیەک بچن[1]، و بەشێوەیەکی نەرم و هێواش ئاسیمیلە دەبن، هەرکاتەو لەئاستێک و شێوەیەکدا تا دەگات بە ئاستێکی گشتی.

یەکێکی تر لە ئامرازە کاریگەرەکانی پرۆسەی ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچە، لەتەک شاشە و سینەما و میدیا، بریتییە لە فێرگەکان و ناوەندەکانی خوێندن، ناوەندەکانی خوێندن بەشێوەیەکی دامەزراوەیی ئەرکی دیسپلینکردنی خەڵک و ئاسیمیلەکردنیان و بارهێنانیان بۆناو کۆمەڵگە و کەلتورە باڵاکە لەئەستۆ دەگرێت، واتا پارمەتی دروستکردنی (دەزگای توانەوە)ی هاوڵاتییە هەمەجۆرەکان و کەلتورە جیاوازەکان و نەرمکردنی جیاوازییە بۆماوەییەکان دەدات، ئەمەش ئەوەیە کە بیرمەند و پەروەردەناسی ئەمریکی(جۆن دیوی) بە ئەرکی ئاسیمیلیزەیشنی خوێندنی قوتابخانە ناوی بردووە[2]، واتا ئەرکێکە بە قوتابخانەکان ئەسپێردرێت کە یەکسانی و یەکڕەنگی لە جیاوازییەکان دروست بکات. بەکارهێنانی ناوەندەکانی خوێندن بەشێکی سەرەکی نەزمی کۆنبوو کە دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم خوێندنیان وەک ئامراز و ڕێگەیەک بۆ ستانداردکردن و سەپاندنی زمانی خۆیان بەکاردەهێنا، واتا لە جیهانی کۆندا (ماوەی بەر لەئێستا) مەبەست لە بەکارهێنانی خوێندن بوو بۆ سەپاندنی پێوەرە نەتەوەییەکان بەسەر زمان و زاراوە جیاوازەکاندا، بەڵام لەجیهانی نوێدا ناوەندەکانی خوێندن بوونەتە ئامرازی ئاسیمیلەکردنی کۆچبەران و گەلانی ڕەسەنی ناوچەکان لەلایەن کەلتورە باڵاکانەوە[3].

هەروەها زۆرکات بوونی دەسەڵاتێکی ستەمگەر و گەندەڵ وائەکات تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کەلتورەکەش بە کەم ببینن و ئاسان کەلتورێکی تر قبوڵبکەن و کەلتوری خۆیان پشتگوێ بخەن، ئەمەش کاتێک تاکەکان دەخرێنە پرۆسەکانی لەخۆنامۆبوونەوە و پیرۆزکردنی هەندێک بەها و کردنەقوربانی تاکەکان و کۆمەڵگە بۆ ئەو بەهایانە، بەجۆرێک تاکەکان هەستکردن بەکەمی خۆیان و ڕقێکی شاراوە لەهەمبەر بەها پیرۆزکراوەکان تێکەڵدەکەن و لەهەردوٚخێکدا بێت ئەو بەهایانە بە بەهای تری جیاواز دەگۆڕنەوە، واتا دۆخە سازاوە لەخۆنامۆبوونەکە و ستەمگەری دەسەڵاتەکە، دەست لەکەلتوری خۆبەردان و بەجەوهەریکردنی ئەویتر خێراتر دەکات، بۆنمونە لە شوێنەکانی وەک ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی دوای کۆمۆنیزم، کە تیرۆر و زیادەڕەوییەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتاری تاکەکانی بەم دۆخی لەخۆنامۆبوونە گەیاندبوو[4]، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زووتر کەلتوری وڵاتانی تری ژێر هەیمەنەی سیستەمی سەرمایەداری لەناو کۆمەڵگەی ئەو دەوڵەتانەدا بڵاو ببێتەوە، لەلایەکی ترەوە

(1) James Marroney, Linguistic and Cultural Assimilation as a Human Capital Process, without place, 10\ March\ 2017, P3.

(2) Stephen May, op.cit, P294

(3) ibid, P292.

(4) Alessandro Dal Lago and Salvatore Palidda, op.cit, p175.

زۆرکات بوونی کەمینەیەکی مەحروم لە دەوڵەتکدا دەرفەتی ئاسیمیلەبوونی پارچە پارچە زیاتر دەکات، شکستی دەوڵەت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیانی ئەو پێکهاتە/کەمینانە، ڕەنگە ببێتە هۆی هەستکردن بە گۆشەگیری و نامۆبوونیان، کە ڕەنگە بە شێوەیەکی سروشتی تاکەکان پەنا بۆ کۆمەڵگایەکی بەدیل ببەن کە هەست بە شانازی و دڵسۆزی بەرامبەری دەکات[1]، ئەمەش دەبێتە زوو دەستبەردان لە بەشێکی کەلتوری وڵاتەکە و وەرگرتنی کەلتوری تر بەبێ ئەوەی کەلتوری خۆیان بە خاوەن کەلتورە تازەکان بگەیەنن، واتا ئاسیمیلەبوونیان بەشێوەی خۆویستانە و پارچە پارچە لەلایەن کەلتورێکی ترەوە.

زۆرکاتیش مەحرومکردنی کەمینەکان زیاتر لایەنی کارگێڕی و سیاسییە، واتا پشتگوێخستنی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵەیەک لە بڕیارە سیاسی و پرسە نیشتمانییەکاندا وائەکات ئەو کۆمەڵەیە ئاسان بخرێنە ناو پرۆسەی ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچەوە، لەبەرامبەردا (گوندارا - Gundara) پێیوایە لەپێناو ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی پەرازوێزکەوتنی کۆمەڵەیەک بۆ ئاسیمیلەکردنی کەلتوری، پێویستە مەسەلەی سەرەکی پشت نوێنەرایەتی سیاسی کۆمەڵگە و بەشداری کارا لە داڕشتنی سیاسەتی نیشتمانی و لۆکاڵیدا دڵنیایی ڕۆڵی هەموو دەنگەکان دەستەبەر بکرێت کە بە هەمان ئاست دەبیسترێن و دەبیندرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی قەدرزانی و بەدیهێنانی مافە مەدەنییە یەکسانەکان و بەرپرسیارێتی و پاراستنی بەهاکانی نێوان تاک و گروپەکانی میللەت[2]، و پارێزگاری کەلتوری لە پرۆسەی ئاسیمیلەکردن.

لەکۆتایی ئەم باسەدا لەهەمبەر پرسی ئاسیمیلەکردنی نەریتی(یەک پارچە) و ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچە بۆمان دەرکەوت کە دۆخەکەل و فاکتەرگەلێکی زۆر کاریگەریان لەسەر پرۆسەکانی ئاسیمیلەکردنی کەلتوری هەیە، هاوکات ئەگەری بێرۆلکردنی ئەو پرۆسانەش هەیە و دەشێت کەلتورەکان خۆیان لە ئاسیمیلەبوون بپارێزن و پارێزگاری لە بەها و دابەکەلتورییەکانی خۆیان بکەن.

(1) وریدة دالي خيلية، مفهوم المواطنة في ظل ثورات "الربيع العربي"، المجلة الفكر السياسي، المجلد ١٨، العدد ٦١، سوريا، ٣١ اذار ٢٠١٧، ص ص ٩٧-٩٨.

(2) J.S. Gundara, Interculturalism – Education and inclusion, paul chapman publishing, London, 2000, p129.

## باسی سێیەم: کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکگرتنی کەلتوری یان قبوڵکردنی فرەکەلتوری

جیاوازییە کەلتورییەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ دا، بێجگە لە پرۆسەکانی ئاسیمیلەکردن دەشێت بەشێوەی جیاوازتر تیۆریزە بکرێن، بەواتایەکی تر پارادایمەکان لەهەمبەر فرەیی و هەمەچەشنی کەلتوری تەنها لە پرۆسەکانی توانەوە و ئاسیمیلەکردندا کورت نابنەوە، بەڵکو دەشێت یەکگرتنی کەلتوری ببێتە بنەمای مامەڵەکردنی کەلتورە جیاوازەکان، یاخود پرەنسیپەکانی لێبوردەیی ببنە فاکتەری یەکترقبوڵکردنی کەلتورە جیاوازەکان و فرەیی کەلتوری پێکەوە سازاو دەستەبەر بکەن، بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەو پرسە، لەم باسەدا و لە دوو تەوەرەی جیاوازدا هەردوو ڕەهەندی یەکگرتن (اندماج)ی کەلتوری و قبوڵکردنی فرەکەلتوری باس دەکەین.

### تەوەرەی یەکەم: کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکگرتن(الاندماج)ی کەلتوری

یەکگرتنی کەلتوری دۆخێکە لەنێوان ئەسیمیلاسیۆن و فرەکەلتوریدا، دۆخێک کە کەلتورەکان بەریەکدەکەون بەڵام لەجیاتی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر، خۆیان لەناو یەکتردا تێکەڵدەبن و هەر کەلتورێکیان بەشێک لە بەهاکانی خۆی دەپارێزێت و بەشێکی تری بەهاکانیشی دەکەوێتە ژێرکاریگەری بەهاکانی کەلتورەکەی ترەوە، بەچەشنێک هەندێک بەهای کەلتوریی خۆی لەگەڵ هەندێک بەهای کەلتورەکەی تر بەشێوەیەکی هارمۆنی دەبنە هۆی هاتنە ئارای کەلتورێکی نوێی تێکەڵ لە هەردوو کەلتورەکە.

ڕۆبێرت ئێزرا پارک (Robert Ezra Park) پێناسەی یەکگرتنی کەلتوری دەکات بە: بەرەوپێشچوون و تێکەڵکردنی کەسانی خاوەن کەلتوری هەمەچەشن کە کەلتورێکی هاوبەش پێکدێنن، هەروەها (پارک) یەکگرتنی کەلتوری بەقازانج بۆ مرۆڤایەتی دەزانێت و پێشنیاری ئەوەدەکات کە دواجار دونیای مۆدێرن بەرەو چارەنوسێک دەچێت کە ناکۆکیە کەلتوری و رەگەزییەکان نەهێڵێت، بە کۆکردنەوەی هەموو مرۆڤە هەمەچەشن و دوورەکانی زەوی لە سنوری سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری هاوبەش دا[1]، هەرچەندە ئەو پێشنیارەی (پارک) زیاتر لە دیدگایەکی ئیدیالی دەچێت، بەڵام هاوکات لەپێناسەکردنەکەیدا ئەوەمان پێدەڵێت کە یەکگرتنی کەلتوری جیاواز لە پرۆسەکانی ئاسیمیلەکردن، هاوبەشێتی کەلتوری دروست دەکات و بەشەجیاوازەکانی کەلتورە جیاوازەکان لە پرۆسەیەکی هاوبەشێتی کەلتوریدا تێکەڵدەکات.

یەکێک لە گرفتەکانی پرۆسەی یەکگرتنی کەلتوری بریتییە لەمانەوەی درز و بۆشاییەکی هەمیشەیی کە لەهەر کاتێکدا بێت ئەگەری ترازان و تەقینەوەی لێدەکرێت، واتا دەشێت ڕووداوێکی بچوک، بەریەککەوتنی کەلتوری ئاڵۆز و ناکۆکی ترسناکی نێوان کەلتورە جیاوازەکانی لێبکەوێتەوە، بۆیە بەگشتی یەکگرتنی کەلتوری یەکگرتنێکی لەرزۆک و فشۆڵە و زوو یان درەنگ بەرەو ترازان دەچێت، هەرچەندە ئەگەری ئاسیمیلەکرنیش لە ئارادایە بەڵام بەراورد بەئەگەری ترزان، ئەگەرێکی لاوازە، چونکە سەرەڕای ئەوە، ئەو تاکانەی دوو کەلتوری کە پشتگیری لە ستراتیژییەکی یەکگرتوویی

(1) Park, R. E, Race and culture, The Free Press, New York, 1950,p 116.

کەلتوری دەکەن، بەڵام هاوکات ئاڵۆزییەکی یەکگرتووی زیاتر نیشان دەدەن لە چاو ئەو تاکانەی دوو کەلتوری کە پشتگیری لە ستراتیژی جیابوونەوە یان ئاسمیلەکردن دەکەن، بە کورتی تاک وەرگرێکی پاسیڤی کاریگەرییە فرە کەلتورییەکان نییە، هەروەها ئەمە ئەگەری ئەوە دەخاتە ڕوو کە مەیلی کەسێک (بۆ نموونە، مەیلی بۆماوەیی) کارلێک لەگەڵ ژینگەی کەلتوری کۆمەڵایەتی خۆیدا بکات بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکانی بەرکەوتنی فرە کەلتوری هەبێت[1]. ئەوا ڕاستەوخۆ میراتە کەلتورییەکەی بنەمایەکی سەرەکی جیابوونەوەیە.

یەکگرتنی کەلتوری ئەگەر بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی پراگماتیکی و فیزیکی ڕووەو ترازان نەچێت، ئەوا زۆرکات بەشێوەی سایکۆلۆجی کاریگەرییەکان دەردەکەون، واتا ئەوانەی لە پرۆسەکانی یەکگرتنی کەلتوری خۆیان پاراستووە، ئەوا جۆرێک لە گرفتی دەروونیان توشدەبێت کە بە (سۆماتیزەکردن) ناسراوە، سۆماتیزەکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە باو و بەربڵاوە سایکۆلۆجییەکانی ناو ئەدەبیات، کە باس لە تێکچوونە دەروونییەکانی زۆرێک لە کەلتورە غەیرە ڕۆژئاواییەکان دەکات، سۆماتیزەکردن چەمکێکە بۆ باسکردن لەو ململانێ و گرێیە دەروونیانەی کە لە گلەیی کردنە جەستەییەکاندا دەردەکەوێت، واتا باس لە جیاوازی نێوان عەقڵ و جەستە یان دەروون و جەستە دەکات[2]، لەوانەیە گونجاوترین کتێب بۆ باسکردنی ئەو پرسگرە ڕۆمانی (شیکاگۆ)ی ئەدیب و نوسەری میسری (عەلا ئەسوانی)بێت، ئەسوانی بەووردی ژیانی کۆچبەرانی میسری لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا و ئاریشە دەروونی و کەلتورییەکانیان بەزمانێکی ئەدەبی بەرز دەخاتە ڕوو[3]، ئەسوانی بەووردی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە زۆرێک لە تاکەکانی کە هەڵگری کەلتوری کەمینەن ئەوا ڕواڵەتیان ئینیدماج دەکەن و پراکتیزەی شێوازە کەلتورییەکانی کەلتورە باڵاکە دەکەن، واتا گۆڕانەکە نەیتوانیوە جەوهەر و ناوەڕۆکی کەسەکان ئینیدماج بکات و لەهەر سات و دۆخێکدا بێت ئەو تاکانە دەچنەوە سەر سروشتە نەگۆڕەکەی خۆیان و پلیتی ئەسڵیان دەردەکەوێتەوە، چونکە لەوانەیە هەر لە باوەڕیاندا نەبێت کە کەلتورێکی تری دەرەوەی خۆیان قبوڵبکەن، چی بگات بەوەی خۆشیان پراکتیزەی بکەن، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو پرۆسانەی ئینیدماج بەشێوەی فەرمی و خۆبەخۆ و بەشێوەی ڕواڵەتی پێکدێن، بەڵام هەموو ئەم شێوازە نافەرمیانەی پێکەوەژیانی کەلتوری، تەنیا دەتوانن ڕێگەیەکی کاتی بن[4]، بەتایبەت لەو پرسانەی کە بەشێکی نەگۆڕی باوەڕ و ئەخلاق و بەهای کەلتورەکە پێکدێنن، ئەمەش بەڕوونی لەپرسەکانی جێندەر و پەیوەندی نێر و مێ و تەنانەت خواردن و شێوازی جلوبەرگیشدا لەلایەن کۆچبەرانی موسڵمانەوە لە وڵاتانی خۆرئاوا، دەردەکەوێت.

فرە کەلتوری وەک لەم تێزەدا (یەکگرتنی کەلتور)شرۆڤە کراوە، لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ناسنامەمان لە قاڵب دەدات، زیاترە لە تەنها قبوڵکردنی کەلتورە جیاوازەکان وەک وێنەیەکی مۆزایک لە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی سادە، واتە بە مەبەست هەڵبژاردنی لە باوەشگرتنی

---

[1] Verónica Benet-Martínez and Ying-yi Hong, op.cit, p29.

[2] Marwan Dwairy, op.cit, P84.

[3] بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بڕوانە: علاء الأسواني، شيكاجو، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٧.

[4] Joel A. Nichols, Marriage and Divorce in a Multicultural Context , Cambridge university press, Cambridge and New York, 2012, P365.

کەلتوری ئەویتر. (میرۆسلاڤ ڤۆڵف - Miroslav Volf) بیرمان دەخاتەوە کە چۆن باوەشێکی ڕاستەقینەی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری بۆ هەردووکەلتور لە ئەنجامی کارلێککردنەکەدا[١]، ئەم گۆڕانکاریەش مەرج نییە هاوسەنگانەوە و یەکسانانە بێت، بەڵکو هەرکەلتورێک بەئەندازی باڵای و زۆرینەبوون و هێز و گونجاوی بەهاکانی، دەتوانێت بەشێک لەنۆرمەکانی لەو یەکگرتنەدا بپارێزێت.

هەندێکات بنەماکانی پرسی یەکگرتنی کەلتوری وابەستەی بەها ئاکارییەکان(بایۆئیتیک)ن، هەرچەندە بایۆئیتیک بنەمایەکی بنەڕەتی نییە و ئەویش جەوهەرەکەی ئاخراوی بەهاگەلێکی ترە کە دەشێت ئەرێنی یاخود نەرێنی بن، واتا ئیتیک وەک مۆراڵێکی دەستە جەمعی کە ڕیشەکانی دەچنەوە ناو مێژوو یان ناسیۆنالیزمەوە، یاخود ئایین و ئایینزاکانەوە، ئەوا بەهای ئەو بونیادە ڕیشەییانە بەشێکی زۆری بەهاکان بایۆئیتیک پێکدەهێنن. لەگەڵ ئەگەری هەڵگرتنی ڕەهەندێکی نێگەتیڤی بایۆ ئیتیک، بەڵام وەک لە فەرهەنگی ڕەیس(race)دا هاتووە هێشتاش ئەرکێکی گرنگ جێبەجێدەکات، و لە کۆمەڵگە فرەکەلتورییە هاوچەرخەکاندا بایۆئیتیک ئاراستەی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان ڕووەو سازان دەکات، و ئەو کۆمەڵگایانە کە هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی کەلتوری و تێگەیشتنی ئەخلاقی جیاوازن ئەوا هەندێکات بەڕواڵەت ترازان و ناتەباییان دەزاندرێت، بۆیە بایۆئیتیک وەک فەرهەنگێکی مرۆدۆستی ڕووبەڕووی ئەو دژایەتییە بنەڕەتییانە دەبێتەوە کە لە نێوان یاسا و بەهاکانی کەلتورە جیاوازەکاندا هەن کە پێکەوە دەژین[٢]، ئەمەش ئەرکە سەرەکییەکەی بایۆئیتیک لە پرۆسەی یەکگرتنی کەلتوریدا دەردەخات وەک هەوێن و جەوهەرێکی پێکەوە هەڵکردنی کەلتورە جیاوازەکان و تەنانەت هەندێکات بایۆئیتیک خۆیشی- دەبێت بەشێک لە بەرئەنجامە کەلتورییە سازاوە تازەکان. سەرهەڵدانی ناسازاوی و ناکۆکی کەلتوری کاتێک سەرهەڵدەدات کە داواکارییەکانی کۆمەڵگە فراوانتر دەبن لەو هارمۆنیەتەی کە هەستی جەستەیی و دەروونی و کەلتوری و ئیتیکی یاخود رۆحی تاکێک یان خێزانێک لەهەمبەر خۆیان هەیانە بۆ ئاستێکی فراوانتری هێزە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەکان، یان کەلتورە کۆمەڵایەتییە باڵاکان، ئەمەش نۆرمە ناسراوەکانی کەلتوری تاک و خێزان وەکو نانۆرماڵ و لادان ناوزەد دەکەن[٣]، بۆیە بەها ئاکارییەکان و بایۆئیتیک وەکو ڕایەڵی مۆڕاڵییانەی هەستکردن بە بەها تایبەتییەکانی تاکەکان و خێزان و کەمینەکان دەبێتە بەربەستێکی بەرخوردکارانە لەهەمبەر ئەو فراوانبوونەی پرسی پێکەوەیی لەمیانەی ملکەچ بوون بۆ کەلتوری باڵا، بۆنموونە ئەگەر کەمینەیەکی کەلتوری ناوچەیەک یان کۆچبەران بەشێک لە بەهاکەلتورییەکانیان وەکو نامۆ و نانۆرماڵ لەهەمبەر بەهاکانی کەلتوری باڵادا دەربکەون ئەوا مومارەسەکردن و نەشاردنەوەی ئەو بەها کەلتوریانەیان بەپێی بایۆئیتیکی کارێکی نائەخلاقی نییە، و بەڵکو هەوڵدان بۆ ناچارکردنیان بە شاردنەوەی بەهاکانیان یاخود وەکو ئیهانە بینینی بەهاکانیان و کردنیان بە شوێن نوکتە و

---

(1) Meewon Yang, Ways of being a multicultural church: An Evaluation of Multicultural Church Models in the Baptist Union of Victoria, Master's thesis in Theology, University of Divinity, February 2012, p123.

(2) Guido Bolaffi, Raffaele Bracalenti, Peter Braham & Sandro Gindro, op.cit, p26.

(3) Allen E. Ivey and Derald Wing Sue, Multicultural Foundations of Psychology and Counseling, Teachers College Press - Columbia University, New York, 2005, p49.

سەرگوزشتەی شەرمهێنانە دەبێتە کارێکی نائاکاری و نەویستراو.

زۆرکات پرۆسەکانی ئینديماجی کەلتوری ئەگەریش بەرەو ترازان و هەڵوەشانەوە نەچن، ئەوا دەگەن بە داخران و بونبەست و چەقبەستویی، بەتایبەت لەوپرسانەی بەریەککەوتنی بەهایی و کەلتورییان هەڵگرتووە، بۆنمونە چەقبەستوویی و دووبەرەکی جەمسەرگیری نێوان پێشخستنی یەکسانی جێندەری و فراوانکردنی ئازادی ئایینی، لەم داخرانەدا هیچ وەڵامێکمان بۆ ئەو ژنانە نییە کە وێڵگەردی وەڵامێکن، یان پرۆسەکانی دانپێدانان وەک نەریتێکی ئایینی و وەکو مافێکی تاکەکان[١]، لەم دوو نمونەوە کە یەکەمیان دەکرێت لەوێنەی ژنێکی موسڵمانی یەکسانی خوازدا و دووەمیان لە مەسیحێکی پابەند و داخوازی مافەکانی مرۆڤدا گوزارشتیان بکەین، واتا نەوەک لەئاستی کۆمەڵگە و گروپەکاندا، بەڵکو لەئاستی تاکەکانیشدا جۆرێک لە بەریەککەوتنی بەهای و دۆخێکی ئاسان بۆ ترازانە، چونکە تاک دەکەوێتە دۆخی (یان کەلتورەکەت یان مافەکات)، بەواتایەکی تر یان باوەڕ و ئایین و نەریتەکەت یان مافەکانت، ئەمەش ئەو دۆخەی ئینديماجی کەلتورییە کە مرۆڤی دووکەرت و دووبەها و دووموٚراڵ دروست دەکات، یان بڵێین مرۆڤی پارچە بوو و تێکشکاو کە نازانێت بەشێکە لەکام کەلتورە.

### تەوەرەی دووەم: کۆمەڵگەی مەدەنی و قبوڵکردنی فرەکەلتوری

پرسی فرەکەلتوری لە دونیای ئەمڕۆدا گرێدراوی قبوڵکردن و ڕێزگرتنی جیاوازییەکانە، بوونی کەلتورە جیاوازەکان تەنها نابێتە بنەما بۆ فرەکەلتوری ڕێزلێگیراو، بەڵکو فرەیی کەلتوری کاتێک بوونی هەیە کە گروپەکانی کەلتور لەگەڵ بوونیان، هەریەکەیان ناسنامەی خۆیان بپارێزن، لەوانەیە گروپەکان بە زمانی جیاواز قسە بکەن و ئایینی جیاواز پەیڕەو بکەن و سیستەمی بەهای جیاوازیان هەبێت. گروپەکان بەشێکن لە یەک کۆمەڵگا و تەنانەت ڕەنگە لە ناوچەکانی تەنیشت یەکتردا بژین، بەڵام لە هەندێک ڕووەوە، لە جیهانی جیاوازدا دەژین[٢]، واتا لەڕووبەری نزیک بەڵام بە کەلتور و بەهای جیاوازەوە دەژین. بەواتایەکی تر فرەیی کاتێک بوونی هەیە کە گروپەکان ناسنامەی تاکەکسی خۆیان بپارێزن. لە کۆمەڵگایەکی فرەییخوازدا گروپەکان بە جیا دەمێننەوە و جیاوازییە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانیان بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام دەبن[٣]، چونکە فرەکەلتوری(Multicultural) وەک بونیاد برێتییە لە بوونی چەندین کەلتوری جیاواز، واتا فرەکەلتوری زیاتر وەک چەمکێکی وەسفکەرە، بەڵام فرەکەلتوری(Multiculturalism) وەک تێزە و پارادایم هەڵوێستێکە لەمەڕ بەهای کەلتورە جۆراوجۆرەکان کە بە شێوەیەکی ڕێزلێگیراوانە لە کۆمەڵگەیەکدا پێکەوە دەژین، و بە مەبەست و بەشێوەیەکی حەقیقی وهاوبەش بەشداری دەکەن لە ژیانی گشتی دا[٤].

مەدەنی بوونی کۆمەڵگە لەسەر بنچینەیەکی گرنگ وەستاوە، ئەویش بریتییە لە قبوڵکردن و

---

(1) Joel A. Nichols, op.cit, P 356.

(2) Without writer, Assimilation and Pluralism - From Immigrants to White Ethnics, Chapter 2,USA, 2022, P51, Available at the following link; https://bit.ly/3javCVO

(3) Ibid, p43.

(4) Meewon Yang, op.cit, p:vii.

ڕێزگرتنی جیاوازییەكان بەتایبەت جیاوازییە كەلتورییەكان، ئەوەی تێبینیمانكرد بۆ مامەڵەكردنی فرەكەلتوری كۆمەڵێك تێڕوانینی جیاواز هەن كە لە پێنج وەڵامی ئەگەریدا دەردەكەون ئەوانیش: یەكەم گۆشەگیركردنی كەلتورەكان لەلایەن كەلتوری باڵاوە كە فرەچەشنی كەلتوری بەدەر دەكات و ڕێگری دەكات لە قبوڵكردن و گەشەپێدانی كەلتوری، دووەم بریتییە لە ئاسمیلەكردنی كەلتوری، واتە قبوڵكردنی فرەچەشنی كەلتوری، بەڵام لەڕێگەی ئاسمیلەكردن وسنووردارکردنی گۆڕینی كەلتورییەوە، سێیەمیش بریتییە لە هەڵاواردنی كەلتوری، كە لە ڕێگەی دوورخستنەوەی شوناسە كەلتورییە جیاوازەكانە لە یەكسانی لە ماف و ئەركەكاندا، و سەرداركردن و بەرزكردنەوەی كەلتوری باڵا و بنپێكردن و بێڕێزیكردن و پەراوێزخستن و هەندێجار یاساغكردنی شوناس و بەهاكانی كەلتورەكانی تر، هەوڵی بچوككردنەوە و سڕینەوەی كەلتورە جیاوازەكان دەدات، چوارەم وەڵامی ئەگەری پێی دەوترێت فرە كەلتوری لاواز و خۆبەخشانە، واتا بەبێ زۆركردن سەرنجیان لەسەر ئاسمیلەكردنە و هەربۆیە هەوڵ نادەن ڕێگری لە سەرهەڵدانی هەمەجۆریی بكەن، بەڵام كۆمەككاری زۆرتر بۆ كەلتورە باڵاكە دەستەبەر دەكەن، بەجۆرێك كەلتورە بچوك و لاوازەكان بچوكتر و لاوازتر و بێڕۆڵ دەكرێن، كۆتا وەڵامی ئەگەری، بە فرەیی كەلتوری بەهێز نوێنەرایەتی دەكرێت، بەو پێیەی تیشكدەخاتە سەر بیرۆكەی تواناسازیی كەمینە كەلتورییەكان بۆ پاراستنی ناسنامە و نەریتە جیاوازەكانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردن و پشتیوانیكردنی فرەچەشنی كەلتوری، ئەمە جگە لەوەی گرنگیدان بە لێكۆڵینەوە لە كەلتوری فرەیی، كە وەك سیاسەتێک یان تیۆرێك بۆ بەڕێوەبردنی فرەچەشنی كەلتوری دادەنرێت[1]، ئەمەش هەمان وەڵامی ئەگەرییە كە سەرنجی ئەم لێكۆڵینەوەیەی خراوەتە سەر.

كۆمەڵگا مۆدێرنەكان تادێت ڕووبەڕووی گروپە كەمینەكان دەبنەوە كە داوای دانپێدانان بە ناسنامەكانیان و جێگیركردنی جیاوازییە كەلتورییەكانیان دەكەن. زۆرجار ئەمە وەك تەحەدای 'فرە كەلتوری' گوزارشت دەكرێت. بەڵام دەستەواژەی 'فرە كەلتوری' چەندین فۆڕمی جیاوازی فرەیی كەلتوری دەگرێتەوە، كە هەریەكەیان پرسگرەكانی خۆیان دەوروژێنن. چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر هەیە كە كەمایەتییەكان تێكەڵ بە پێكهاتە سیاسییەكان دەبن، بەڵام هەمیشە دۆخێك لە بۆشایی كەلتوری دەمێنێتەوە كە ئەم جیاوازییانە لە شێوازی یەكگرتندا كاریگەرییان لەسەر سروشتی گروپە كەمینەكان هەیە[2]، بۆیە كەمینەكان هەوڵی پاراستنی كەلتوری خۆیان دەدەن و كەلتوری باڵاش بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت كە چیتر هەوڵی قوتدان و تواندنەوەی كەلتوری كەمینە لەناو خۆیدا نەدات، بەڵكو ئیتر داننان بە جیاوازییەكاندا و فرەیی كەلتوری وەك بنەمای پێكەوەژیان دەبێتە پێویستی و ڕێگا گونجاوەكە.

(دۆگلاس جیۆرجی) لە دكتۆرانامەكەیدا (یەكێتی لە ڕێگەی هەمەجۆرییەوە؟ - ئاسمیلاسیۆن، فرە كەلتوری و مشتومڕ لەسەر ئەوەی كە ئەمریكی بوون مانای چییە)دەڵێت: لە كاتێكدا كە

[1] سارة غربي، التعددية الثقافية وسياسات الهوية: د ا رسة في ثنائية الوحدة والتعددية، اطروحة دكتورا غير منشورة التي قدمها في جامعة باتنة ١- الحاج لخضر - كلية الحقوق و العلوم السياسية - قسم العلوم السياسية، سنة جامعية: ٢٠١٨-٢٠١٩، ص٢٦.

[2] Will Kymlicka, Multicultural citizenship – a liberal theory of minority rights, Oxford University Press, Oxford New York, 1995, p10.

ئاسـميلەكردن پرۆسـەیەک بـوو بـۆ تێکەڵبـوون و تـوانەوەی کەلتـورە ژێردەسـتەکان لە کەلتـوری باڵادەسـتدا، ئامـانجی فرەکەلتـوری بریتیبـوو لە پاراسـتن و گرەنتـی بەردەوامـی نەریـتە کەلتـورییە نەتەوەییەکان بەبێ دەستێوەردان و دەسـتکاریکردن، ئەمەش بەلای زۆرێـک لەبیرمەنـدانەوە دەبێـتە فاکتەرێکی گرنگی هێز و یەکگرتویی دەوڵەت[١]، واتـا تیۆرەکـانی یەکترقبـوڵکردن و پاراسـتنی فرەیـی کەلتـوری، بەپـێچەوانەی دیـدگاکانی ئاسـیمیلەکردن کە وەکـو مەترسـی بۆسـەر یەکێتـی دەوڵەت و ئاسایشەکەی دەیان بینی، نەوەک مەترسی نییە، بەڵکـو فـاکتەرێکی گرنگـی پاراسـتنی ئەو یەکێتـی و ئاسایشەیە. هەروەها ئەگەر پاساوی ئاسیمیلەکردن بریتیبێت لە هەوڵدان بۆ دەستەبەری یەکسـانی و نەبوونی جیاوازی کەلتوری بە هۆکارێکی هەڵاوێردن، ئەوا (مەرۆنی) لە توێژینەوەکەیدا ئەوەی بۆمان خستووەتە ڕوو کە ئەم پاساوەش ناراست و نازانستییە، چونکە داتاکانی فەرەنسی ئارگومێنتێکی سادە بەڵام سـەرنجڕاکێش دەدەن کە ئاسـمیلەکردنی کەلتـوری پرۆسـەیەکی زیـادبوونی نایەکسـانی (بە پێچەوانەی زیادبوونی یەکسانی) نیشان دەدات[٢]، چونکە دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی خودنـامۆیی و هەسـت بەکەمیکـردن لای ئەو کەسـانەی بەر پرۆسـەکانی ئاسـیمیلەکردن کەوتـون و ناچـاربوون دەستبەرداری زمان و کەلتور بەها نەریتییەکانی خۆیان بن.

فرەکەلتـوری لەو تیـۆرانەیە کە سـەرهەڵدانی تیۆرییـانەی هاوکـاتە لەگەڵ هەوڵە پراکتیزییەکـانی لەکـۆمەڵگەدا، بەڵام هەر لەسـەرەتاوە کە لە وڵاتێکـی فرەکەلتـوری وەک (کەنەدا) دەسـتکرا بە پراکتیزەکردنی، ڕووبەڕووی دەژایەتی و ڕەخنە بووەوە، بۆنمـونە فرەکەلتـوری وەک چەمکێکـی نـاڕوون دانـرا کە ئایا مەبەسـت فـرەنەتەوەییە(multinational) یـان فـرە ئیتنیـک(polyethnic)، چـونکە نازانـدرێت مەبەسـتەکەی چیـیە، بەڵام ئەم گوزارشـتە جـۆرێکە لە لەسەرلێشـێواندنی هەڵە، چـونکە فرەکەلتوری وەکو تیۆرەیەک حکومەت بەکاری دەهێنا بـۆ پەرەپێـدانی فرەیـی نەوەک ئاسـیمیلەکردنی کۆچبەران، لە کەنەدا فەرەنسی زمانەکان بەو پێودانگەی ئەم تیۆرەیە، نەتەوەیی بوونیـان بـۆ ئاسـتی نەتەوەی کۆچبەران کەمدەکاتەوە، دژی بوون، کەسانی دیکە ترسێکی پێچەوانەیان هەبـوو لەوەی کە سیاسەتەکە مەبەست لێی مـامەڵەکردن بـووە لەگەڵ گـروپە کۆچبەرەکـان وەک نەتەوە، لە ڕاسـتیدا هیچ کام لەم دوو ترسانە ڕەوا نەبوون، بەو پێـیەی 'فـرە کەلتـوری' سیاسـەتێکە بـۆ پشـتیوانیکردن لە فرەیی لەناو دامەزراوە نیشتمانییەکانی کەلتـوری ئینگلیـزی و فەرەنسـیدا لە کەنەدادا[٣]، بـۆیە نەوەک کۆچەرەکان و کەلتورەتازەکان ناکرێنە بنەمـای سـەرەکی مـامەڵەی دەوڵەتی، بەڵکـو دەوڵەت لەجیـاتی ئاسـیمیلەکردنیان، دان بە بوونیـان وەکـو کەلتورێکـدا دەنێـت و لەگەڵ کەلتورەکـانی تـردا هاوکـار و هەماهەنگ دەبن.

بـۆئەوەی ئەمجـۆرە لە ڕێزگرتنـی فرەکەلتـوریمان هەبێـت و بەشـێکیش بێـت لە هەمـاهەنگی کـۆمەڵایەتی، ئەوا پێویسـتیمان بە گەشـەپێدانی دیموکراسـی و ئـازادی و مافەکـانە، ئەمەش بەڕێـگەی

(1) Douglas F. George, B.S., M.S, unity through diversity? -assimilation, multiculturalism and the debate over what it means to be an American, , op.cit, P23.
(2) James Marroney, op.cit, P21.
(3) Will Kymlicka, op.cit, P17.

راوێژکاری دیموکراسییانە دەبێت، کە جەخت لەسەر گرنگی گفتوگۆ لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکاتەوە و ئاڵوگۆڕی فەرمی و نافەرمی کەلتورەکان لەخۆدەگرێت[١]، بەتایبەت لەپرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەجۆرێک دەکرێت کەلتورەکان بەچەشنێک هەماهەنگ بن کە لەگەڵ پاراستنی بەها کەلتورییەکانی خۆیاندا، هاوکات پارێزگاری لەبەها و پرەنسیپە بنچینەییەکانی لێبوردەیی و ئازادییەکان و بنەماکانی مەدەنیبوونی کۆمەڵگە بکەنەوە. گفتوگۆ و راوێژکاری دیموکراسییانە دەبێتە هۆکاری گونجانی بەردەوام لەگەڵ ژینگە فیزیکی و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان، بەجۆرێک ئەم گونجاندنە تایبەتمەندییەکی هاوبەشە بۆ هەموو کەلتورەکان و بەمجۆرە دەتوانرێت شیکاری میکانیزمە کەلتوری و پەروەردەییەکان بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی نەخش و مۆدێلی گونجاندن (هەمەجۆریی± هاوشێوەیی)[٢]، واتا جیاوازییەکان نەوەک دژ و ناکۆک نەبن، بەڵکو هاوکار و هەماهەنگ بن و تائاستی ئیمکان ناکۆکییەکان بگۆڕدرێن بۆ هاوکاری و دژایەتییەکان پێچەوانە بکرێنەوە بۆ لێبوردەیی و قبوڵکردن.

گەشەپێدانی دیموکراسی وەک بنەمایەک بۆ پاراستنی فرەکەلتوری، نەوەک لەئاستی فەردی و کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیش بنەمایەکی گرنگی فرەکەلتورییە، هەربۆیە پرسی کەمینەکان (نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و رەگەزی و ..هتد)، پرسێکە گرێدراوی پرەنسیپەکانی دیموکراسییە. مافی چارەی خۆنووسینی دیموکراسی، بەراستی مافی هاووڵاتیان لەخۆدەگرێت کە پێداگری لەسەر سیمای گشتگیرانەی کەلتوری سیاسی خۆیان بکەن؛ کۆمەڵگا لە مەترسی دابەشبوون دەپارێزێت بەتایبەت لە مەترسی ناکۆکی کەلتوری و هەوڵی کەلتورە باڵاکان بۆ وەدەرنانی کەلتورە کەمینەکان، چارەسەریشە بۆ یەکگرتنی سیاسی کەلتورە کۆچبەرەکان، جگە لەمەش، رەوایەتی بە ئاسیمیلەکردنی ناچاری نادات لە پێناو خۆ دووپاتکردنەوەی فۆرمی کەلتوری ژیانی باڵادەست لە وڵاتدا[٣]، و دەبێتە هۆی دەستەبەری ئازادی کەلتوری و فرەکەلتوری وەک رێبازێکی دیموکراسیانە دوپات دەکاتەوە لەهەمبەر پرۆسەکانی ئینتیماج و ئاسیمیلەکردن دا.

پێکەوەبوونی کەلتورەجیاوازەکان و بوونی فرەکەلتوری لە هەرناوچەیەکدا، هەرچەندە بەپێی بنەماکانی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردنیش چەسپابن، بەڵام هێشتاش ئەگەری سەرهەڵدانی ناکۆکی یان لێکتێنەگەیشتن لەنێوان کەلتورە جیاوازەکاندا هەیە، بۆیە ناکرێت ئینکاری لە بوونی ناکۆکی بکرێت، بەڵکو پێویستە هەمیشە هەوڵی چارەسەرکردن بدرێت، یەکێک لە رێگاچارەکانی ناکۆکی نێوان دوو کەلتوری جیاواز بەتایبەت لە بۆنە و مەراسیمەکاندا بریتییە لە مامەڵەکردن و گفتوگۆی راستەوخۆی ئەندامانی کەلتورە ناکۆکەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام زۆرجار بەهۆی ئەوەی نەیانتوانیوە ئەو دۆخی گفتوگۆیە بسازێنن یان گفتوگۆکان نەگەیشتوونەتە ئاستێکی باش، و تێکچوون، ئەوا چاوەڕێ دەکەن بۆئەوەی نێوەندگیرێک یان لایەنی سێیەم بەشداربێت[٤]، بۆیە لەم دۆخەدا لایەنێکی

(1) Joel A. Nichols, op.cit, P350.

(2) Guido Bolaffi, Raffaele Bracalenti, Peter Braham & Sandro Gindro, op.cit, p3.

(3) Charles taylor and others, Multiculturalism - examining the politics of recognition, Princeton university press, Princeton and New jersey, 1994., p139.

(4) Christopher W. Moore and Peter J. Woodrow, Handbook of Global and Multicultural

نێوەندگیر و بێلایەن دەتوانێت جۆرێک لە دیالۆگ و پانتاییەکی لەیەکتر تێگەیشتن بسازێنێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لەو پرسەدا بریتییە لە هەڵبژاردنی لایەنی سێیەم و چۆنییەتی دەستنیشانکردنەکەی، بەتایبەت گرنگە کە لایەنەکان دیاری بکەن کە ئایا پێویستیان بە نێوەندگیرێکە کە پێشتر کەلتور و داب و نەریتی خۆیان بزانێت یان بتوانێت ئەو جۆرە زانیاریانە بە خێرایی بەدەستبهێنێت، لە هەندێک حاڵەتدا ئەو جۆرە شارەزاییە پێویستە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چی گرنگە بۆ لایەنەکان و ئەو پرسانەی کە باسی لێوە دەکرێت[1]، چونکە نەبوونی شارەزایی لای لایەنە نێوەندگیرەکە لەوانەیە ببێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی دۆخەکە بەهۆی گرنگیدان بەهەندێ بەها و پشتگوێخستنی هەندێ بەهای تر کە لاوەنەیە لە بەهاکانی تر گرنگتر بن بۆ کەلتورەکە.

ئەوەی لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا پێویستە تیشکی بخەینە سەر بریتییە لەوەی کە لە هەندێک ڕووەوە ئاسمیلەکردن و فرەیی پرۆسەیەکی پێچەوانەن، بەڵام یەکتریان لەدەست نادەن، لەوانەیە پێکەوە لە چەندین پێکهاتەی جیاوازدا لەناو کۆمەڵگایەک یان گروپێکی دیاریکراودا ڕوو بدەن، ڕەنگە هەندێک گروپ لە کۆمەڵگایەکدا خۆیان ئاسمیلە بکەن، و هەندێکی تر جیاوازییەکانیان دەپارێزن (یان تەنانەت زیاد دەکەن)، بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەموو گروپێکی کەمینە، لە هەر کاتێکدا، هەندێک ئەندامیان هەیە کە خەریکی ئاسمیلەکردنن و هەندێکی دیکەشیان کە کەلتورە نەریتییەکان دەپارێزن یان زیندوویان دەکەنەوە، بۆ نموونە هەندێک لە ڕەسەنەکانی ئەمریکا فرەییخوازن، لەسەر زەوییە زەوتکراوەکان یان لە نزیکەوە دەژین، پەیوەندییەکی بەهێزیان بە میراتەکانیانەوە هەیە، و بە زمانی زگماکی خۆیان قسە دەکەن، لەکاتێکدا ڕەسەنەکانی دیکەی ئەمریکی بە شێوەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی باڵادەستدا ئاسمیلە بوون، وەک ئەوانەی لە ناوچە شارییەکان دەژین، تەنیا بە ئینگلیزی قسە دەکەن و تارادەیەک کەم لەبارەی کەلتورە نەریتییەکانیانەوە دەزانن، واتا هەردوو پارادایمی ئاسمیلەکردن و پاراستنی فرەیی هێزی گرنگن لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڕەسەن و زۆربەی گروپە کەمینەکانی تردا[2]، بەتایبەت لەم سەردەمی کۆمەڵگەی مۆدێرن و گەشەی تەکنەلۆژی و فراوانی و ئاسانی پەیوەندییەکانی کۆمۆنیکەیشندا.

لەکۆتای ئەم باسەدە دەگەین بەوەی کە هەم یەکگرتنی کەلتوری و هەمیش فرەیی کەلتوری دوو پارادایمی ئامادە و لەکاردان لە کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ دا، هەروەها بەپێی سروشتی کۆمەڵگاکان و سروشتی کەلتورەکان و پانتایی کارکردنیان و جۆری پەیوەندییەکان، ڕۆڵ و کاریگەری تیۆرە و پارادایمەکانیش دەگۆڕێن، بەڵام لەهەر چەشنە دۆخ و سیستەمێکدا بێت، ئەبێت ئەوە دیدەبگرین کە فرەیی کەلتوری و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و ڕێزگرتن و پاراستنی ماف و بەهای کەلتورە کەمینەکان گونجاوترین تیۆرە و پارادایمە لەگەڵ بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و گەشەی ئازادانی کۆمەڵگە و یەکێتی خۆیستانەی ئەندامانی دەوڵەت.

Negotiation, Jossey-Bass - A Wiley Imprint, San Francisco, 2010, P419.

(1) Ibid, P423.

(2) Without writer, op.cit .

## کۆتایی و دەرئەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکەمان ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەردەمی هاوچەرخ دا بەشێوەی جیاواز مامەمەڵەی لەگەڵ کەلتورە جیاوازەکاندا کردووە، ئەو مامەڵە جیاوازانەش بەرئەنجامی پارادایم و تیۆرە جیاوازەکانی پەیوەست بە هەمەجۆری کەلتوری بوون، واتا بەپێی جیاوازی تیۆریزەکانی پەیوەست بە فرەیی کەلتوری، شێوازی جیاوازی هەڵوێستەکان لەهەمبەر کەلتوریش دەرکەوتوون، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا و لەپەیوەست بە پەیوەندی نێوان تیۆرە و پارادایمەکان و چۆنیەتی ئەو مامەڵەکردنەی کەلتورەجیاوازەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتوین کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە:

- فرەکەلتوری ئەگەر پێشتر تەنیا ئۆبێکتێکی سۆسیۆلۆجی و پرسێکی لاوەکی ناو کۆمەڵگە بووبێت، ئەوا ئێستا دۆخ و ئایکۆنێکی سیاسی و هزری ئاڵۆزە و پێویستی بەلەسەر وەستانی جدی هەیە و پێویستە ئەو فاکتەر و هۆکارانە دەستنیشان و شرۆڤەبکرێن کە پەیوەندیدارن بە پرسە کەلتورییەکانەوە، چونکە کەلتورەکان قوڵ ڕۆچونەتە ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە و کاریگەری زۆریان لەسەر پرسەکانی تر هەیە.
- کۆمەڵگەی مەدەنی هاوچەرخ گوزارشتە لە سیستەمێکی نوێی کۆمەڵگە کە چەندان قۆناغی گەشەکردنی بڕیوە و گەیشتووە بەو سەردەمەی ئێستا کە سەردەمی پەیوەندییەکان و تێکچڕژانی کۆمەڵایەتییە، بەجۆرێک لە کۆمەڵگەیەکدا ئەگەری بوونی چەندان نەتەوە و ئایین و ئایینزا و ڕەگەز و کەلتوری جیاواز هەیە کە هەمیشە بەریەککەوتن و پەیوەندی لەنێوانیان دروست دەبێت.
- بەپێی تیۆرەی ئاسیمیلەکردنی سەراپایی کەلتوری کەلتورە کەمینەکان و لاوازەکان ناتوانن خۆیان لەهەمبەر بەهاکانی کەلتوری باڵا ڕابگرن و خۆیستانە یاخود ناچاریانە دەچنە ناو پرۆسەی ئاسیمیلەبوونەوە و بەشێوەیەکی گشتەکی کۆی کەلتورەکە ئاسیمیلە دەبێت، و کەلتورە باڵاکە، تاکەکانی کەلتورە کەمینە لەناوخۆیدا قوتدەدات و دەتوێنێتەوە.
- بەڵام تیۆرەیەکی تری ئاسیمیلەکردنمان هەیە کە ئەویش ئاسیمیلەکردنی پارچەپارچەیە، بەپێی ئەم تیۆرەیە ناتواندرێت لەهەمان کاتدا هەموو نەریت و نۆرم و بەهاکانی کەلتورە کەمینەکان ئاسیمیلە بکرێن، و ئەو تاک و گروپانەی دەکەونە بەر ئاسیمیلەکردنی نەریتییەوە ئەوا ئەگەری بەرەنگاری لەناویاندا هەیە، بۆیە ئاسیمیلەبوونی پارچەپارچە باس لە ئاسیمیلەکردنی کەلتوری کەمینەکان دەکات هەم بەشێوەیەک کە تاکەکان بەتاک ئاسیمیلەدەکات نەوەک بەکۆمەڵی گروپەکان، و بەشێک لە بەهاکانی کەلتورەکە ئاسیمیلە دەکات نەوەک هەموو بەهاکان، هەروەها شێوازی ئیشکردنی بەشێوەی نەرم و هێواشە بەجۆرێک تاکەکان خۆیان ڕووەو ئاسیمیلەبوونی خۆویستانە ئەچن.
- بەپێی تیۆرەی یەکگرتنی کەلتوری، کەلتورە جیاوازەکان هەوڵی ئاسیمیلەکردنی یەکتر نادەن، بەڵکو هەرکەلتورێک بەشێک لە بەهاکانی خۆی و بەشێک لە بەهاکانی کەلتورەکەی تر

وەردەگرێت و بەمجۆرە هەردوو کەلتورەکە دەچنە دۆخی یەکگرتنەوە و بەتێکەڵبوونی بەشێکی بەهاکانی هەریەکێکیان، کەلتورێکی یەکگرتوی نوێ دروست دەبێت.

- بەپێی تیۆرەی فرەکەلتوری هەموو ئەو تیۆرانەی تر بەجۆرێک لەجۆرەکان توشی گرفت دەبن و ناکۆکی و ململانێی کەلتوری سەرهەڵدەداتەوە بۆیە باشترین ڕێگەچارە بریتییە لە ئازادی کەلتوری، بەجۆرێک هەموو کەلتورەکان بەهاکانی خۆیان دەپارێزن و هاوکات ڕێز لەبەهاکانی کەلتورەکانی تریش دەگرن، ئەم تیۆرە هەم لەگەڵ مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و هەمیش لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەگونجێت، هاوکات دەبێتە فاکتەری هەماهەنگی کۆمەڵایەتی، و یەکێتی و یەکپارچەیی دەوڵەتیش دەپارێزێت.

# لیستی سەرچاوەکان


سەرچاوەی کوردی:

تویژینەوەی زانستی

١) جەبار ئیسماعیل احمد، ڕوانگەی هزرمەندانی لیبرال - پارێزگار بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی - هزری (ئیدمۆن بێرک - ئەلێکسی دی تۆکڤیل - مایکل ئەواکشۆت) بەنموونە، گۆڤاری الدراسات السياسية و الامنية، المجلد ٤، العدد ٨، مركز الدراسات المستقبلية، سليمانية، كانون الاول ٢٠٢١.

سەرچاوەی عەرەبی:

کتێبی عەرەبی

٢) خديجة محمد كمال سعد الشاذلي، التنوع الثقافي وآليات تعزيزه بالتعليم قبل الجامعي في العالم المعاصر، مجلة كلية التربية، جامعة بني سويف، عدد يناير، الجزء الثانى، ٢٠٢٠ .

٣) د. احمد عبدالحليم عطية ، الفلسفة و المجتمع المدنى - جون لوك و رسالة في الحكومة المدنية - نصوص فلسفية، دار الثقافة العربية، القاهرة، ٢٠٠٧.

٤) د. سعدالدين ابراهيم، تأملات في مسألة الاقلايات، مركز ابن خلدون للدراسات الانمائية و دار سعاد الصباح، القاهرة و الكويت، ١٩٩٢.

٥) علاء الأسوانى، شيكاجو، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٧.

٦) مجموعة مؤلفين، المجتمع المدني فى البلدان العربية ودوره في الإصلاح، تحرير:ممدوح سالم، المنظمة العربية لحقوق الإنسان، القاهرة، ٢٠٠٤.

کتێبی وەرگێڕدراو بۆ عەرەبی

٧) جون إهرنبرغ، المجتمع المدنى - التاريخ النقدى للفكرة، ت: د. على حاكم صالح و د. حسن ناظم، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٨.

٨) علي راتانسي، التعددية الثقافية - مقدمة قصيرة جدا، ت: لبنى عماد تركي، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة، ٢٠١٣.

٩) غيوم سيبرتان-بلان، الفلسفة السياسية في القرنين التاسع عشر و العشرين، ت.عزالدين الخطابي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت - لبنان، ٢٠١١.

١٠) هوارد.ج.ويباردا، المجتمع المدنى - النموذج الامريكي و التنمية في العالم الثالث، ت. ليلي زيدان، الجمعية المصرية للنشر المعريفة و الثقافة العالمية، القاهرة، ٢٠٠٧.

ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا

١١) سارة غربي، التعددية الثقافية وسياسات الهوية: د ا رسة في ثنائية الوحدة والتعددية، اطروحة دكتورا غير منشورة التي قدمها في جامعة باتنة - الحاج لخضر - كلية الحقوق و العلوم السياسية - قسم العلوم السياسية، سنة جامعية: ٢٠١٨-٢٠١٩.

١٢) كريمة عجلى، دور المجتمع المدني العالمي في الحوكمة البيئية العالمية، رسالة ماجستر غير منشورة، التى قدمها في جامعة العربي بن مهيدي أم البواقي - كلية الحقوق والعلوم السياسية - قسم العلوم السياسية، سنة دراسية ٢٠١٤ – ٢٠١٥.

تویژینەوەی زانستی

١٣) وريدة دالي خيلية، مفهوم المواطنة في ظل ثورات "الربيع العربي"، المجلة الفكر السياسي، المجلد ١٨، العدد ٦١، سوريا، ٣١ ادار ٢٠١٧.

سەرچاوەی ئینگلیزی

کتێبی ئینگلیزی

14) Allen E. Ivey and Derald Wing Sue, Multicultural Foundations of Psychology and Counseling, Teachers College Press - Columbia University, New York, 2005.
15) Alessandro Dal Lago and Salvatore Palidda, Conflict, Security and the Reshaping of Society, Routledge, London and , New York, 2010.
16) Ali Rattansi, Multiculturalism: A Very Short Introduction, Oxford University Press, Oxford and New York, 2011.
17) Barbara Mazur, Cultural Diversity in Organizational Theory and Practice", Journal of Intercultural Management, vol2, no2, November 2010.
18) Charles taylor and others, Multiculturalism - examining the politics of recognition, Princeton university press, Princeton and New jersey, 1994.
19) Christopher W. Moore and Peter J. Woodrow, Handbook of Global and Multicultural Negotiation, Jossey-Bass - A Wiley Imprint, San Francisco, 2010.
20) Colin Farrelly, Introduction to Contemporary Political Theory, SAGE Publications, London - Thousand Oaks - New Delhi, 2004.
21) Douglas F. George, B.S., M.S, unity through diversity? -assimilation, multiculturalism and the debate over what it means to be an American, university of north texas, texas - USA , December 2005.
22) Frank J. Landy and Jeffrey M. Conte, work in the 21ST century, Wiley, USA, 2013.
23) Guido Bolaffi, Raffaele Bracalenti, Peter Braham & Sandro Gindro, Dictionary of Race, Ethnicity and Culture, SAGE Publications, London and New Delhi, 2003.
24) I. V. Gudova, Cultural Imperialism: A Concept and a Phenomenon, Facets of Culture in the Age of Social Transition Proceedings of the All-Russian Research Conference with International Participation Volume 2018, 23 December 2018.
25) J.S. Gundara, Interculturalism – Education and inclusion, paul chapman publishing, London, 2000.

26) James Marroney, Linguistic and Cultural Assimilation as a Human Capital Process, without place, 10\ March\ 2017.
27) Joel A. Nichols, Marriage and Divorce in a Multicultural Context , Cambridge university press, Cambridge and New York, 2012.
28) Kathryn MacCluskie, Acquiring Counseling Skills - Integrating Theory, Multiculturalism, and Self-Awareness, publishing as Merrill, NewJersey, 2010.
29) Marwan Dwairy, counseling and psychotherapy with Arabs and Muslims a Culturally Sensitive Approach, Teachers College press, Columbia University, New York and London, 2006.
30) Nasar Meer, Citizenship, Identity and the Politics of Multiculturalism - The Rise of Muslim Consciousness, Palgrave Macmillan, UK, 2010.
31) Park, R. E, Race and culture, The Free Press, New York, 1950.
32) Stephen May, Critical Multiculturalism: Rethinking Multicultural and Antiracist Education, Falmer Press, London – UK and Philadelphia – USA, 2005.
33) United Nations, Universal Declaration on Cultural Diversity, Adopted by the General Conference of the United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization, Paris, 2 November 2001.
34) Verónica Benet-Martínez and Ying-yi Hong, The Oxford Handbook of Multicultural Identity, Oxford University Press, Oxford and New York, 2014.
35) Will Kymlicka, Multicultural citizenship – a liberal theory of minority rights, Oxford University Press, Oxford New York, 1995.

توێژینەوەی زانستی

36) Meewon Yang, Ways of being a multicultural church: An Evaluation of Multicultural Church Models in the Baptist Union of Victoria, Master's thesis in Theology, University of Divinity, February 2012.
37) Rajashree Dasgupta, Cultural Assimilation, Government Girls' General Degree College - Dept. of Geography, India, without datet, visit date; 12-12-2022, Available at the following link; https://bit.ly/3V68QvS .

ئینتەرنێت

38) Without writer, Assimilation and Pluralism - From Immigrants to White Ethnics, Chapter 2,USA, 2022, P43, Available at the following link; https://bit.ly/3javCVO .